گۆڤاری پێشڕەو

کرێکارانی جیهان یەکگرن!

٤٥٣


گۆڤاری پێشڕەو – ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران) دەوری سێهەم – ژمارە ٤٥٣ – پووشپە ڕ – ژوئن ٢٠٢٤


## سەروتار

### ١٤هەمین گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریش لیبڕاوانە شکست پێ بێنین

لـەدوای کوژرانـی ئیبراهیـم ڕەئیسـی نـاسراو بـە ئایەتوڵـڵای ئێعـدام، کادری ڕێبەریـی حیزبـی پادگانیـی سـپای پاسـداران و خامنەیـی لەڕێگـەی شـۆرای نیگەهبان، سـەدا و سـیما و ئامرازەکانـی تـر کـە لـە ئیختیاریـان دایـە، موهەندسـی کردنـی ئینتخاباتـی پێشـوەختەی سـەرۆک کۆماریـان خسـتووەتە دەسـتووری کارەوە و ٨ی پووشـپەڕیان بـۆ بەڕێوەبردنـی گاڵتەجاڕییـەک بەنـاوی "ئینتخابـات" دیـاری کـردووە. ئـەم "هەڵبـژاردن"ە لـە بارودۆخێکـدا بەرنامەڕێـژی کـراوە کـە لـە ١١ی مانگـی ڕەشـەممەوە هەتـا ئێسـتا لـە جەریانـی دەورەی یەکـەم و دووهەمـی ئینتخاباتـی مەجلیسـی شـۆرای ئیسـلامی، خەڵکـی ئێـران ئـەم مەزحەکـە ئینتخاباتییانـەی ڕژیمیـان تووشـی شکسـت کـردووە و مـۆری نامەشرووعبوونیـان لـە ناوچاوانـی نیزامـی ئیسـلامی دراوە. کـردەوەی هاوئاهەنـگ و شـکۆمەندی سیاسـیی جەمـاوەر لـە تێکشـکاندنی ئـەم "هەڵبژاردن"انـە، لـە هەمـان کاتـدا کـە ناکۆکیـی نێـوان باڵەکانـی حکوومەتـی ئیسـلامییان توندتـر کردووەتـەوە، هەمـوو ئـەم باڵانەشـی لەئاسـت چارەنووسـی نیزامـی ئیسـلامی نیگـەران و دڵپـەرۆش کـردووە. لـەم ڕووەوە هـەم ئیسـلاح تەڵەبانـی حکوومەتـی و هـەم ئیعتداڵگەرایـان و هـەم ئوسـوولگەرایانی میانـەڕەو هاتوونەتـە مەیـدان تـا بـە خەیاڵـی خۆیـان بـۆ تەنـووری سـاردی ئینتخابـات بازاڕگەرمـی بکـەن، "میللـەت" لەگـەڵ سـندووقی دەنگـدان ئاشـت بکەنـەوە و حکوومەتەکەیـان لـەم قۆناغە هەسـتیارەی ئێسـتا تێپەڕێنـن.

خامنەیـی و فەرماندەکانـی سـپا کـە شکسـتیان پێشـبینی کـردووە، لەئاسـت کاردانـەوەی پێشـبینی نەکـراوی جەمـاوەری ڕەنجدیـدە، کـە لەژێـر فشـاری گرانیـی بەریـن و هـەژاری و نەهامەتیـی ئابووریـدا وەگیـان هاتـوون،




**پیرۆز بێت ٣١ی جۆزەردان ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە**




**گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار،**
**ستراتیژی دەسەڵاتی ئیسلامی بۆ مانەوە پەرەپێدانی سەرکوتە**

**ڕاگەیاندنی کۆمەڵە – ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران:**

**گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنەکانی ڕژیم بە شکست بکێشین**



**ئاوارەیی و پەنابەری لە نەهامەتییەکانی نیزامی سەرمایەداری؛**

یەکجار نیگەرانن. خامنەیی داوای لە کاندیدەکان کردووە کە لە "بۆختان و تۆمەت لێدان" لە یەکتر خۆبەدوور بگرن و بەم کارانە "ئابڕووی نەتەوەیی" وڵات نەبەن. سەدا و سیمای کۆماری ئیسلامی بۆ ڕێگری لە ڕسوایی زیاتر چوارچێوەی تەبلیغاتیی بۆ بەربژێرەکانی سەرۆک کۆماری دیاری کردووە. سەرانی ڕژیم نیگەرانی ئەوەن کە ئەمجارە خودی کاندیدەکان بە وتنی خراپەی یەکتر نیزامی ئیسلامی قیزەونتر بکەن و ببنە چەخماخە بۆ داگیرسانی ئاگری تووڕەیی و نارەزایەتیی جەماوەری. فەرماندەکانی سپا، کەمپەینی شانۆی هەڵبژاردنیشیان بە مەیدانی شەڕ وەسف کردووە و باس لە بەڕێوەبردنی "ڕەزمایش لە فەزای مەجازی" بۆ "زۆرترین بەشداری" و باس لە ناردنی "هادیانی سیاسی" بۆ شار و گوندەکانی ئێران دەکەن بۆ ئەوەی خەڵک بەشێوەی بەرینتر بەشداری بکەن.

بەڵام تووڕەیی پەنگخواردوو و نارەزایەتیی گشتی دژبەم بارودۆخە هەموو ئەم پلانانەی دەمێکە بەرەوڕووی شکست کردووەتەوە. دەمێکە کرێکاران و جەماوەری ئێران نە تەنیا لە ستراتێژی ڕیفۆرمخوازانی حکوومەتی بۆ ڕیفۆرمی ڕژیمی ئیسلامی، لە شێوازی هەڵبژاردن لە نێوان خراپ و خراپتر و لە سندووقی دەنگدان، بەڵکوو لە گشت نیزامی ئیسلامی تێپەڕیون و خەبات بۆ ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بووەتە بزووتنەوەیەکی سیاسیی بەهێز. لەئێستادا کە ترسی ڕووخان بووەتە مۆتەکەی هەموو باڵەکانی حکوومەت و هەمووان دەستیان خستووەتە دەستی یەکەوە تا دەسەڵاتی ئیسلامی لەم مۆتەکەیە دەرباز بکەن، پێویستە ئەمجارەش بڕیاردەرانە ١٤هەمین گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار تێکبشکێنین. پێویستە لە کۆبوونەوەی نارەزایەتیی کرێکاران، خانەنشینان، خوێندکاران و ... لێبڕاوانە و بە دەنگی ڕەسا ڕایگەیەنین کە ئێمە لە هەڵبژاردنی دەسەڵاتی ئیسلامیی سەرمایەداران کە ژیانی زۆرینەی خەڵکی ئێرانی بەرەو ژێر هێڵی هەژاری بردووە، ئینسانەکانی بەخاتری باوەڕیان خستووەتە زیندانەوە و ئێعدامیان دەکات، بۆ داسەپاندنی یاسای کۆنەپەرستانەی ئیسلامی شەڕی سەرتاسەریی لەدژی ژنان ڕاگەیاندووە، کۆڵبەران لە کوردستان و سووختبەران لە سیستان و بەلووچستان وەبەر گوللە دەدات و بە هۆکاری داسەپاندنی هەزار و یەک مەحروومیەت و بێبەشیی دیکە بەشداری ناکەین. ناوەند و ڕێکخراوە کرێکارییەکان، ژنان و خوێندکاران پێویستە لە بەیاننامەکانی خۆیاندا ڕایگەیەنن کە گاڵتەجاری ئینتخاباتی حکوومەتی سەرمایەداران بۆ دەستنیشانکردنی مۆرەیەکی دیکەیە بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار و هیچ پەیوەندییەکی بە بەرژەوەندی کرێکاران و خەڵکی ئێرانەوە نییە. پێویستە ئەم مەزحەکە ئیتخاباتییەش چالاکانە و بەهێز بەرەوڕووی شکست بکەینەوە و ئەم شکستەش بکەینە سەنگەرێک بۆ پێشڕەویی خەبات لەپێناوی ڕووخاندنی ڕژیمی ئیسلامی.

لە بارودۆخی سیاسیی ئێستادا لە سەرانی حکوومەتی ئیسلامی شاراوە نییە کە ئەم گاڵتەجاڕییە ئینتخاباتییەش تووشی شکست دەبێت. هەربۆیە ئەوانیش بۆ شکستێکی "ئابڕوومەندانە" بەرنامەڕێژییان کردووە. کادری ڕێبەریی سپا و هەستەی مەرکەزیی ئوسوولگەراکان دەزانن کە مانەوەی ڕژیم نەک لە ڕێگەی ڕاکێشانی خەڵک بەرەو سندووقەکانی دەنگدان و بەدەستهێنانی مەشرووعیەتی ئینتخاباتی، بەڵکوو بە لۆژیکی بەهێزکردنی توانای سەرکوتی حکوومەتی ئیسلامی دێتە دی. لە وەها بارودۆخێکدا بۆ تێکشکاندنی ستراتێژی پەرەپێدانی سەرکوت پێویستە ستراتێژییەکی ڕوون بگرینە بەر. کلیلی زەمینگیر کردنی ماشێنی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی لەناو دەستی چینی کرێکاردایە. چینی کرێکار لە جەرگەی بارودۆخی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵگا و بزووتنەوەی مانگرتن و نارەزایەتیی ئێستا و بە پشت بەستن بە لێهاتوویی ئەو ڕێبەرە سۆسیالیست و خۆشناوانەی کە لەناو دڵی خۆیدا پەروەردەی کردووە، توانای ئەوەی هەیە کە هێزی خۆی ڕێکخراوتر بێنێتە مەیدان. گەشەپێدان و بەهێزکردنی پەیوەندیی بزووتنەوەی کرێکاری لەگەڵ باقیی بزووتنەوەی پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانێ بەستێنەکانی مانگرتنە سیاسییە جەماوەرییەکان لە سەرتاسەری ئێران ئامادە بکات. ئەو مانگرتنانەی کە ئاوێتەی ڕێپێوانی سەر شەقام و کۆبوونەوەی نارەزایەتین دەتوانن دەزگای سیاسی، ئیداری و ئابووریی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی زەمینگیر بکەن. مانگرتنی سیاسیی جەماوەری کە مانگرتنی کرێکاری لە ناوەندە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان بڕبڕەی پشتیەتی، دەتوانێ ڕیزی هێزە چەکدارەکان و سپای پاسداران بشێوێنێ و هێزی سەرکوتیان زەمینگیر بکات و بەستێنەکانی ڕێکخستنی ڕاپەڕین و ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئامادە بکات.

بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی

بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کرێکاری

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

٢٥ی جۆزەردانی١٤٠٣ی هەتاوی

١٤ی ژوئەنی ٢٠٢٤ی زایینی

❊ ❊ ❊

## ڕاگەیاندنی کۆمەڵە – ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران:

## گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنەکانی ڕژیم بە شکست بکێشین

٨ی مانگی پووشپەڕ شانۆی هەڵبژاردنی "سەرۆک کۆمار" بەمەبەستی دیاریکردنی جێنشین بۆ ڕەئیسیی جەنایەتکار بەڕێوەدەچێت. شەش کاندیدە پەسندکراوەکەی شۆرای نیگەهبانی ڕژیم، لە مۆرە ئەمنیەتییەکان و سپای پاسداران و کەسانی گوێڕایەڵ و جێگای متمانەی خامنەیی و دەزگای ناوەندی سپای پاسداران پێکهاتوون. ئەوان پێشینەیەکی دوورودرێژیان لە گەندەڵی، ڕانتخۆری و فریودانی خەڵک هەیە. ئەم شەش کەسە لە سەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامییەوە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە سەرکوتی نارەزایەتی کرێکاران، خوێندکاران، ژنان، موعەلیمان، خانەنشینان، زیندانیانی سیاسی، ڕۆژنامەوانان دەورونەخشیان بووە. ئەوان بەرپرسن لە سەرکوتکردن و کوشتاری بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و خەڵکی بەلووچستان، بەرپرسن لە سەرکوت و کوشتاری نارەزایەتییە




جەماوەرییەکانی ساڵی ٩٦ و ٩٨ی هەتاوی و بزووتنەوەی ژینا.

جگە لەوەش سرووشتی ڕاستەقینەی گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنەکانی ڕژیمی ئیسلامی بۆ کرێکاران و خەڵکی ئێران ئاشکرایە و گەلێک ئەزموون و زانیارییان هەیە سەبارەت بە دەستێوەردانی ڕژیم لە هەڵبژاردنەکانی چوار دەیەی ڕابردوودا. خەڵک لەبیریانە کە چۆن سەرۆک کۆمارەکانی پێشووی حکوومەتی ئیسلامی بە فەرمانێک لەسەر کار لابردراون و یان لەگەڵ سەرهەڵدانی چکۆلەترین ناکۆکی لەگەڵ دەزگای ڕێبەریی سپای پاسداران و خامنەیی، خراونەتە پەراوێزەوە. خەڵک دەزانن کە ڕێبەرانی دەسەڵاتی ئیسلامی هەتا ئێستا بە بێ لەبەرچاوگرتنی دەنگی ناو سندووقەکان، ناوی کەسانی خوازراوی خۆیان لە سندووقەکان دەرهێناوە و وەک سەرۆک کۆمار ڕایانگەیادووە.

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە بارودۆخێکدا شانۆی هەڵبژاردنی ڕۆژی ۸ی پووشپەڕ بەڕێوە دەبات کە خۆی دەزانێ لەسەر چ دەریایەک لە تووڕەیی و بێزاریی خەڵک حکوومەت دەکات. ئاخێزە کۆمەڵایەتییەکانی حەوت ساڵی ڕابردوو لەدژی کۆماری ئیسلامی بەباشی ئەم واقعییەتەیان بە ڕژیم نیشان داوە کە چ دوژمنایەتییەکی قووڵ و ئاشتیهەڵنەگر لە نێوان کۆماری ئیسلامی و کرێکاران و زۆرینەی خەڵکی ئێراندایە. لە حاڵێکدا کە کردەوەی ڕژیم بەرامبەر بەم ئاخێزانە، کوشتن و سەرکوت و ئێعدام و ئەشکەنجە بووە، سەرانی ئەم دەسەڵاتە خۆشیان باش دەزانن کە ئەم گاڵتەجارییەش ئاکامێکی باشتری لە هەڵبژاردنەکانی چوار مانگی ڕابردوو نابێت و ناتوانن لەم ڕێگەوە مەشرووعییەت بۆخۆیان بتاشن. لەلایەکی دیکەوە بەلەبەرچاوگرتنی درێژە و پەرەسەندنی قەیرانی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێستا، شکستێکی سەرشۆڕانەتر چاوەڕوانیان دەکات.

هەڕەشە و هوشدارە توندەکانی خامنەیی و دەزگا ئەمنییەکان و دەزگای قەزایی بە کاندیدەکان بۆ خۆبەدوورگرتن لە "لەجەن پەراکەنی" واتە لەقاونەدانی پەروەندەی گەندەڵی و دزیی یەکتر، هەڕەشەکردن لە خەڵک بۆ پەروەندەسازی و سزا لە ئەگەری ئەنجامدانی ڕۆشنگەری سەبارەت بە گاڵتەجاڕی ئینتخابات، هەر هەموویان نیشانەی ترس و نیگەرانی ڕژیمی ئیسلامییە لە شکستێکی یەکجار سەختتر. لەو نێوەدا هەوڵی زەبوونانەی بەرەی ڕێفۆرمخوازی حکوومەتی لە سواڵکردن و پاڕانەوەیان لە شۆرای نیگەهبان بۆ ڕەت نەکردنەوەی سەلاحیەتی یەک کاندید وەک مەرجی بەشداریکردنیان لە ئینتخابات، کە لەلایەن ڕژیمیشەوە قەبووڵ کرا، هەوڵێکە بۆ گەرمکردنی تەنووری ساردی ئینتخابات و نیشانەی ترس و نیگەرانی حکوومەت و ڕێفۆرمخوازانە لەئاست چارەنووسی کۆماری ئیسلامی. کرێکاران و توێژەکانی تری کۆمەڵگا بەتایبەت لەماوەی چەند ئینتخاباتی ڕابردوودا نیشانیان داوە کە نە تەنیا لە ئینتخاباتی ڕژیم بەڵکوو لە گشت حکوومەتی ئیسلامی تێپەڕیون. تا ئەو جێیەی کە لەئێستادا بەرەیەکی بەهێز دژبە کۆماری ئیسلامی شکڵی گرتووە. لەم ڕووەوە پروپاگەندە و هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی کاریگەرییەکی لەسەر بڕیاری لێبڕاوانەی خەڵک بۆ تێکشکاندنی گاڵتەجاڕی ئینتخابات نابێ.

ئێستا کاتی ئەوەیە کە تێکۆشەرانی چەپ و کۆمۆنیست و ڕێبەرانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەست بە کار بن و بە دەنگی ڕەسای خۆیان و جەماوەری خەڵک لە سەرتاسەری ئێران ڕایگەیەنن کە "لە شانۆی هەڵبژاردنی ڕژیمدا بەشداری ناکەین". پێویستە هەوڵ بدرێت کۆماری ئیسلامی لە گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەم گاڵتەجارییە زیاتر لە ڕابردوو بێهیوا بێت. بێگومان بە لەقاودانی تاکتیک و فریوکارییەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و شکستی حکوومەت لەم نمایشە ئینتخاباتییە، ڕەوتی ڕووخاندنی ئەم ڕژیمە دز و گەندەڵە خێراتر دەبێتەوە. ڕژێمێک کە هەتا ئێستا جگە لە داسەپاندنی هەژاری و فەلاکەت، بێکاری و برسیەتی، سەرکوت و کوشتار، هەڵاواردنی ڕەگەزی و نەتەوەیی، زەوتکردنی ئازادی لە کۆمەڵگا، بێجگە لە داسەپاندنی جەهل و خورافە و یاسای پرتووکاوی ئایینی بۆ کرێکاران و زەحمەتکێشانی کۆمەڵگا هیچ دەستکەوتێکی نەبووە، بۆچی دەبێ لەسەر کار بمێنێتەوە؟ لە کوردستان خەڵکی تێکۆشەر و خەباتکار هەر لە سەرەتاوە هەتا ئێستا لە شکست پێهێنانی شانۆ ئینتخاباتییەکانی ڕژیمدا پێشەنگ بوون. بۆ جەماوەری کوردستان نە ئینتخابات و نە هاتنەدەری ناوی هیچ کام لەم مۆرانەی حکوومەتی ئیسلامی، کە هەر لە پێشترەوە بۆ پۆستی "سەرۆک کۆمار" دەستنیشان کراون، هیچ بایەخێکی نییە.

کۆمەڵە لە خەڵکی تێکۆشەری کوردستان، لە هەموو چالاکانی چەپ و کۆمۆنیست و لە ڕێبەران و پێشڕەوانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان داواکارە کە بۆ شکستی هەرچی لێبڕاوانەتری کۆماری ئیسلامی لە شانۆی هەڵبژاردنی ۸ی مانگی پووشپەڕ، ئەم ڕۆژە بکەنە ڕۆژی نمایشی شکۆمەندی یەکگرتوویی و هاوپشتی و عەزمی یەکگرتووانەی خۆیان بۆ درێژەدانی خەبات لەپێناوی ڕووخاندنی ئەم ڕژیمە جەنایەتکارە. بێگومان شکستدانی کۆماری ئیسلامی لەم شانۆی ئینتخاباتییە دەتوانێ ببێتە دەرفەتێکی دیکە بۆ پشڕەوی و پەرەپێدانی خەبات لەپێناوی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ئەم دەسەڵاتە دژئینسانە.

بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی

بژی دەسەڵاتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان

کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە – ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

۳۰ی جۆزەردانی ۱٤۰۳ی هەتاوی


۱۹ی ژوئەنی ۲۰۲٤ی زایینی

***

# پیرۆز بێت ۳۱ی جۆزەردان ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە

لە ۳۱ جۆزەردانداو و بەبۆنەی ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە، یادی هاوڕێ "سەعید موعینی" یەکەمین پێشمەرگە و یەکەمین گیان بەختکردووی کۆمەڵە، کە ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە بەناوی ئەوەوە کراوە و یادی هەزاران تێکۆشەر و مرۆڤی شۆڕشگێڕ و کۆمۆنیست کە لە بەرەکانی شەڕ دژبە یەکێک لە دڕندەترین و تاریک بیرترین دیکتاتۆرەکانی سەردەم گیانیان بەخت کرد بەرز ڕادەگرین و سڵاو و درووود دەنێرین بۆ بنەماڵە سەربەرز و خۆڕاگرەکانیان.

مێژووی شکڵ گرتن و خەباتی ماندوویی نەناسانەی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە ئاوێتەی مێژووی خەبات و خۆڕاگری و مێژووی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان بووە. ٤٥ ساڵ لەمەوبەر بناغەی ئەم هێزە لە هەلومەرجێکدا داڕێژرا کە کۆمەڵگەی ئێران لەبەردەم ئاڵوگۆڕێکی مێژووییدا بوو. لە لایەکەوە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بە شۆڕشێکی جەماوەری لە چنگ دیکتاتۆری پاشایەتی ڕزگاریان ببوو و فورسەتی ئەوەیان پەیدا کردبوو کە نەفەسێك بە




ئازادی هەڵمژن و لە لایەکی دیکەشەوە مۆتەکەی ڕژێمێکی سەرمایەداری مەزهەبی کە تینووی خوێنی شۆڕش بوو کۆمەڵگەی ئێرانی داگرتبوو. ڕەوتی ئیسلامی ئەرکی بە شکست کێشانی شۆڕشی ئێرانی وەئەستو گرتبوو. لە گۆشە و کەناری ئێران خەباتی ئازادیخوازانەی و ڕزگاری بەخشی خەڵکی بەشێوەی خوێناوی سەرکوت دەکرد. بەڵام لە کوردستان، لاواز بوونی ڕەوتی ئیسلامی و نفووزی بیروبۆچوون و ڕێبازی چەپ و ڕادیکاڵ، هەلومەرج و هاوسەنگیەکی جیاوازی خوڵقاندبوو. کرێکارانی چەوساوەی خوازیاری ژیانی باشتر، زەحمەتکێشانی ڕزگاربوو لە کوت و بەندی پاشماوەکانی دەرەبەگایەتی، ژنانی تینووی مافی یەکسانی، جەماوەری خوازیاری نەمانی ستەم و هەڵاواردن ، هەمووی ئەوانە لە بزووتنەوەیەکی

موقاومەتی کۆمەڵایەتی بەریندا، خۆیان بۆ بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ ڕژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو کە ئامادەکاری بو داسەپاندنی حوکمی خۆی بەسەر کوردستانیش دەست پێکردبوو، کۆببوونەوە.

لە سەرەتاوە کۆنەپارێزانی ناوچە و پاشماوەی دەرەبەگایەتی ڕزیو، هەوڵیان دا بە پشت بەستن بە ڕژیمی مەرکەزی جێگا و شوێنی لەدەست چووی خۆیان بە دەست بێننەوە. بۆ ئەو مەبەستە داروودەستەی چەکداریان پێکهێنابوو و هەڕەشەیان لە زەحمەتکێشانی هەژاری دێهاتی کوردستان دەکرد. بو پووچەڵ کردنەوەی ئەو هەوڵانە بوو کە کۆمەڵە




بانگەوازی زەحمەتکێشانی لادێی کرد کە لە یەکیەتیی جوتیاراندا کوببنەوە و ڕیکخراو و چەکدار، لە مافی خۆیان دیفاع بکەن. هاوکات و لەگەڵ هەڕەشەکانی ڕاستەوخۆ و نزیک بوونەوەی پەلاماری کۆماری ئیسلامی بۆسەر کوردستان، دوو بنکەی فێرگەی کۆمەڵە لە باشوور و باکوور بۆ پەروەردەکردن و ئامادە کردنی کادرەکانی هێزی پێشمەرگە کەوتنە ڕێ و چوارچێوەی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە لەو تێکوشەرانە پێک هات کە دەورەی نیزامی ئەو فێرگانەیان تێپەڕ کردبوو. هیزەکانی یەکیەتیی جووتیاران بە هیدایەتی تێکوشەرانی کۆمەڵە، لە مەریوان و دیواندەرە و کامیاران و سەردەشت و بۆکان و مەهاباد، ئەرکی خۆیان سەرکەوتووانە

جێبەجێکرد. زەویەکانیان بەسەر جووتیارانی هەژاردا دابەش کرد و بوونە مایەی هەڵوەشانەوەی داروودەستەکانی چەکداری ئاغا و دەرەبەگەکان.

گوڕوتینی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش بۆ داهاتوویەك کە دەیان هەویست بەدەستی خۆیان بونیادی بنێن، پێکهاتنی کەش و هەوای سیاسی دیموکراتیک لە کوردستان، ئەو ناوچەیەی کردبووە سەنگەرێکی پتەوی درێژەی شۆڕش لە ئێران. پەرەسەندنی نفووزی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵە و گەشە کردنی تواناییەکانی لە کۆکردنەوە و ڕێکخستنی جەماوەردا، کە لە چەندین ڕووداوی

مێژوویی وەك کۆچی مەریوان و مانگرتنی یەك مانگەی شاری سنە بۆ دەرکردنی سپای پاسداران لە کوردستان، ڕێپیوانی هاوپشتی بەرەو مەریوان و هیتر دا خۆی دەنواند، هەمووی ئەوانە کە ئاسۆیەکی دیکەیان بۆ شۆڕشی ئێران لەبەرچاو بوو، بۆ ڕژیمی ئیسلامی تەحەمول نەدەکرا. هەر بۆیە دوای ماوەیەك فریوکاری و تەفرەدان، هەموو دەرگاکانی گفتوگۆیان، یەکسەر داخست و دوای خولقاندنی چەندەها جنایەتی وەك قارنی و قەلاتان، بە فەرمانی خومەینی لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویدا هێرشێکی بەربڵاو بوسەر کوردستانی دەستپێکرد. کۆمەڵە بانگەوازی موقاومەتی لە هەموو مەیدانەکانی خەباتی جەماوەریدا دەرکرد

و خەڵکی کوردستان بە پیر ئەو بانگەوازە هاتن و مێژووی پڕ لە هەڵسووکەوت و پڕ لە ئەزموونی ٤٥ ساڵی ڕابردوویان دروست کرد.

ئاسۆی هێزی پیشمەرگەی کۆمەڵە، وەک باسکی چەکداری حیزبێکی کۆمۆنیستی، ڕزگاریی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش بووە لەرێگەی شۆڕشی کۆمەڵایەتییەوە. شۆڕشێك کە بە هێزی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش دەکەوێتە ڕێ. وەها شۆڕشێك بەهۆی ناکۆکی بنەڕەتی چینایەتی و کۆمەڵایەتی نیزامی سەرمایەدارییەوە بەرپا دەبێت. ناکۆکی چینایەتی، نابەرابەری، هەڵاواردن، بێمافی، نەبوونی ئازادی تاکەکەسی و سیاسی، ڕێگری لە ئازاد بیرکردنەوە و ئازاد ژیان و هیتر، کۆمەڵگە بەرەو شۆڕش پاڵ پێوەدەنێت. شۆڕش بە واتای بێدەسەڵات کردنی کەمینەی بچووکی سەرمایەداران و چەوسێنەران و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن زۆرینەی بەرهەمهێنەرانی سەروەت و نیعمەتی کۆمەڵگە و پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ژیانی خەڵکدا.

واقعییەت ئەوەیە کە خەباتی چەکداری لەگەڵ پەلاماری هێزەکانی ڕژیمی ئیسلامی بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپا. خەڵکی کوردستان خوازیاری ئازادی بوون و بەخاتری سوور بوونیان لەسەر دیفاع لەو دەستکەوتە دیموکراتیکانەی کە لە جەرەیانی ڕووخاندنی ڕژیمی شادا بەدەستیان هێنابوو، هیچ ڕێگایەکیان بێجگەلە دەست بردن بۆ چەک بۆ نەمایەوە. دیفاع لەم ئازادییە، بە بێ گیانفیدایی مەیسەر نەبوو. ئەوان لە بەرامبەر هێرشی دژە شۆڕشی جەنایەتکاری ئیسلامیدا خۆڕاگرییان نواند و لە حورمەتی ئینسانی خۆیان دیفاعیان کرد. کاتێک پاشەکشەیان بە هێزەکانی ڕژیم کرد و کوردستانیان بۆ جارێکی تر لە ژێر چنگی ڕژیمی سەرکوتگەر هێنا دەرێ، لە زۆر شوێنی کوردستان نموونەگەلێکی بەبایەخیان لە ژیانی مەدەنی و دیموکراتیک تەجروبە کرد. بە وەها ئاسۆیەکەوە و لە جەرگەی پێشڕەویی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی جەماوەریدایە کە کۆمەڵە بە پشت بەستن بە کادر، سوننەت و زەرفییەتەکانی کە لەناو جەماوەری کوردستاندا پەروەردەی کردوون بۆ وڵامدانەوە بە پێداویستییەکانی ئەو قۆناغە سەرلەنوێ هێزی پێشمەرگە لەناو جەماوەردا بە پشتیوانی کرێکاران و زەحمەتکێشان ڕێکدەخاتەوە. بۆ بەسەرکەوتن گەیاندنی ڕاپەڕینی شارەکان تێدەکۆشێت و بەپێی توانای خۆی بۆ ڕێکخستن و پەروەردەکردنی هێزی چەکداری جەماوەری لەژێر فەرمانی کۆنگرەی سەرتاسەریی شۆراکانی خەڵکی کوردستان، یارمەتیدەر دەبێت.

***

# ئازادکردنی حەمید نووری سات و سەودایەکی قیزەون؛ پشتی پەردەی دووڕوویی و پشتیوانی درۆینەی دەوڵەتی سوێد لە مافی مرۆڤ

حەمید نووری دادیاری پێشووی زیندانی گەوهەردەشت و یەکێک لە ئەنجامدەرانی کوشتاری زیندانییانی سیاسی ئێران لە هاوینی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی کە لە یەکێک لە بێوێنەترین دادگاییە مێژووییەکانی وڵاتی سوێد بەتاوانی جەنایەت لەدژی مرۆڤایەتی بە زیندانی هەتاهەتایی مەحکووم کرابوو، لە ئاکامی موعامەلەکی قیزەون و بێشەرمانە لە نێوان دەوڵەتی سوێد و ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە زیندان ئازاد و ڕۆژی ٢٦ی جۆزەردان ڕەوانەی ئێران کرا. ئازادی حەمیدی نووری لە بارودۆخێکدا ئەنجام دراوە کە دیوانی باڵای سوێد پێشتر داوای پێداچوونەوەی بەسەر حوکمی زیندانی هەتاهەتایی ناوبراو ڕەت کردبووەوە. ئەم موعامەلە بێشەرمانەیە شەپۆلێکی لە تووڕەیی و ناڕەزایەتی خەڵکی ئازادیخوازی لە سەرتاسەری جیهان بەتایبەت لەناو بنەماڵەی قوربانییانی جەنایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لێکەوتووەتەوە.

بەوتەی سەرۆکوەزیرانی سوێد دەوڵەتی ئەم وڵاتە و سرویسە ئەمنیەتییەکانی لە بەرابەر ئازادی "یۆهان فلۆدرۆس" و "سەعید عەزیزی"، دوو هاووڵاتیی سوئدی کە لە زیندانی کۆماری ئیسلامیدا بوون، حەمید نووری جەنایەتکاریان ئازاد کردووە. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە ئەم دوو هاووڵاتییە سوێدییە کە لە چنگی کۆماری ئیسلامیدا گرفتار بوون هیچ تاوانێکیان ئەنجام نەدابوو و ڕژیمی جەنایەتکاری ئیسلامی تەنیا بۆ ئەنجامدانی ئەم موعامەلە بێشەرمانەیە ئەوانی بەبارمتە گرتبوو. بەڵام حەمید نووری لە مانگی خەزەڵوەری ١٣٩٨ لە کاتی گەشت بۆ وڵاتی سوێد لە فڕۆکەخانە بەتۆمەتی ئەشکەنجەگەری و بازجووی "هەیئەتی مەرگ"ی کۆماری ئیسلامی و دەست هەبوون لە کوشتاری هەزاران کەس لە زیندانییانی سیاسی لە زیندانەکانی قزڵحەسار، ئێڤین و گەوهەردەشت، دەستگیرکرا. دۆسیەی ١٠ هەزار لاپەڕەیی ئەم تاوانە لەلایەن تیمێکی پسپۆڕی یاسای نێودەوڵەتی، کۆمەڵناس، دەروونناس و زانای ئیسلامییەوە بۆ ماوەی بیست مانگ پشکنین و لێکۆڵینەوەی لەسەر کرا. لە کاتی دادگایی حەمید نووری کە ڕۆژی ١٩ی مانگی گەلاوێژی ١٤٠٠ لە دادگایەکی ستۆکهۆڵم دەستیپێکرد نزیکەی سەد کەس لە سکاڵاکاران و دادخوازان کە خویان لە قوربانییان و ڕزگاربووانی ئەم جەنایەتانە بوون لە وڵاتانی دیکەوە هاتنە سوێد و لەم دادگایەدا شەهادەتیان دا و وڵامی پرسیاری قازییەکانی دادگایان دایەوە. لە سێ ڕۆژی یەکەمی ئەم موحاکمە مێژووییەدا "کریستینا کارلسون" دادستانی ستۆکهۆڵم و نوێنەرەکەی لە بەشێک لە کەیفەرخواستی خۆیاندا ناوی ژمارەیەک لە زیندانیان و ڕەوتی ئێعدامکردنی ئەوانیان خوێندەوە. لەسەر بنەمای ڕەوایەتی شایەتحاڵان و ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی نیشانیاندا کە چۆن حەمیدی نووری و هاوکارانی لە مانگی گەلاوێژی ساڵی٦٧دا بەندکراوانیان بەڕیز کردووە و بە چاوی بەستراوە بە بێ ئەوەیکە مافی دیفاع لە خۆیانیان هەبێ لەڕێگەی کاناڵەکانی مەرگەوە بۆ ساڵۆنی زیندانی گەوهەردەشت بۆ لای هەیئەتی مەرگیان بردوون.

حەمید نووری بەم دۆسیە قورسە لە تاوانەکانی، لە جەریانی دادگاییەکەیدا کە زیاتر لە ٩ مانگی خایاند بەتاوانی جەنایەت لەدژی مرۆڤایەتی بە زیندانی هەتاهەتایی مەحکووم کرا. بەڵام "ئۆلف کریستێرسۆن"، سەرۆکوەزیرانی سوێد هەموو ئەم تاوانانە و حوکمی دادگای نادیدە گرت و بەوپەڕی ڕیاکارییەوە و لە حاڵێکدا کە خۆی بە بەرگریکاری مافی مرۆڤ دەزانێت، باس لە ڕەوتی گۆڕینەوەی زنیدانییەکان لەگەڵ ئێران دەکات. سەرۆک وەزیرانی سوێد دەڵێ ڕاپۆرت لەسەر گۆڕینەوەی بەندکراوان و بەدیلگیراوانی دوو ئەرتەش دەدات کە لە حاڵی شەڕدان. حەمید نووری لە مەیدانی شەڕدا بەدیل نەگیرا. ئەو لە فڕۆکەخانەی ئارلاندا بەتۆمەتی ئەشکەنجە و کوشتنی



زیندانییانی سیاسی و بازجووی "هەیئەتی مەرگ"ی کۆماری ئیسلامی دەستبەسەرکرابوو. لە حاڵێکدا کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە کردەوەیەکی تیرۆریستیدا دوو هاووڵاتی مەدەنی سوێدی بە بێ ئەوەیکە تاوانێکیان ئەنجام دابێ بە ئامانجی سیاسی و ئەنجامدانی وەها موعامەلەیەکی بێشەرمانە دەستگیر و بەبارمتە گرتبوو. بەڵام ئەم سیاسەتە ڕیاکارانە و کۆنەپەرستانەیەی دەوڵەتی سوێد بۆ جارێکی تر نیشانی دا کە هەرکات باسی بەرژەوەندی دەوڵەتانی سەرمایەداری بێتە گۆڕێ، ئیدیعای سەربەخۆبوونی دەزگای قەزایی لە دەوڵەت و دەزگا ئەمنییەکان تەنها درۆییەکە و هیچی تر. ئەم سیاسەتەی دەوڵەتی سوێد تەسلیمبوونی ئاشکرایە لە بەرامبەر سیاسەتی تیرۆریستی و بەبارمتەگرتنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و سەرانی ئەم ڕژیمە بەرەو درێژەدانی ئەم سیاسەتە دژەئینسانییانە هان دەدات. دەوڵەتی سوێد بە پاساوی دابینکردنی ئاسایشی هاووڵاتییانی سوێد ئەم موعامەلە بێشەرمانەیەی ئەنجام داوە. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە ئەم سیاسەتە بوار بۆ هێرشی تیرۆریستی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ بە بارمتەگرتنی هاووڵاتییانی ئورووپا زیاتر پەرەپێدەدات. بەڵام بەڕاستی لە جیهانێکیدا کە دەسەڵاتەکانی سەرمایەداری لە جینۆساید و کۆمەڵکوژیی دەوڵەتی ئیسرائیل لەژێرناوی مافی بەرگری لە خۆی پشتیوانی دەکەن، لە دەوڵەتی سەرمایەداری سوێد لەوە زیاتر چ چاوەڕوانییەکی لێدەکرێت.

سیاسەتی دووڕوویانە و کۆنەپەرستانەی دەوڵەتی سوێد درێژەی مەنتقی هەمان سیاسەتی دەوڵەتانی ئورووپا و ئەمریکا لە سەردەمی کوشتاری خوێناوی زیندانییانی سیاسی لە ساڵی ٦٧ی هەتاوییە. ئەو سەردەمیش دەوڵەتەکانی ئورووپا و ئەمریکا و کارناسانی مافی مرۆڤ نەتەنیا لەدژی ئەم کوشتارە ناڕەزایەتییان دەرنەبڕی بەڵکوو بەشێوەی نهێنی مۆری تەئیدیشیان لێدا. میدیاکانی بەناو ئازادی دەسەڵاتە ئیمپریالیستەکان لەئاست کوشتاری هەزاران بەندکراوی سیاسی بێدەنگییان هەڵبژارد. دەوڵەتەکانی ڕۆژئاوا، ئەم داکۆکیکارە درۆینانەی مافی مرۆڤ کە سیاسەتی یارمەتیدان بۆ سەقامگیرکردنی دەسەڵاتی ئیسلامییان گرتبووەبەر، دەستی سەرانی ڕژیمیان بۆ ئەنجامدانی ئەم کۆمەڵکوژییە ئاواڵە هێشتەوە. ئەوان دوای ناچارکردنی سەرانی ڕژیم بە قەبووڵی شکست لە شەڕی ئێران و عێراق و نۆشینی جامی ژەهر، چرای سەوزیان بە حاکمانی ئێران نیشاندا کە بۆ ڕێگریکردن لە ئاخێزی شۆڕشگێڕانە و ئەمنکردنی ئێران لەپێناوی چەوساندنەوە و تاڵانکاری سەرمایەداریی جیهانی، دەتوانن دەست بۆ هەموو جەنایەتێک بەرن. هەر بەم هۆکارە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە کلووپی نێونەتەوەیی ئەم دەسەڵاتانەی سەرمایەدارییە، لەئاست ئەم تاوانە خوێناوییە سیاسییە، بێدەنگیی گرتەبەر و بەنهێنی مۆری تەئیدی لە سەردانا.

بەڵام سەرەڕای بەڕێوەچوونی ئەم سات و سەودا قیزەونە، ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ناتوانێ بزووتنەوەی دادخوازیی خەڵکی ئازادیخوازی ئێران بۆ بەر لە دادگاییکردنی حەمید نووری بگێڕێتەوە. دادگای حەمید نووری وەک یەکێک لە بەڕێوەبەرانی قەتڵوعامی زیندانییانی دەیەی شەست، لەڕاستیدا دادگای غیابیی سەران و دامەزرێنەرانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بوو کە بڕیاردەر و ڕێکخەری ئەم کوشتارە و ناشتنی قوربانییان لە گۆڕە بەکۆمەڵ و بێ ناو و نیشانەکاندا بوون. ئەو بەڵگانەی لەم دادگایەدا لێکۆڵینەوەیان بۆ کرا، بە ڕای گشتی لە جیهاندا نیشانی دا کە کوشتنی زیندانیانی سیاسی بە فەرمانی ڕاستەوخۆی خومەینی بە ڕاوێژی خامنەیی و لە لایەن دەستەیەکی تایبەتەوە کە دواتر بە هەیئەتی مەرگ ناسرا ئەنجام دراوە. ئەم هەیئەتە بریتی بوون لە: مورتەزا ئەشراقی (دادستانی ئەوکات)، ئیبراهیم ڕەئیسی (جێگری ئەوکاتی دادستان)، حسێنعەلی نیری (حاکمی شەرعی ئەوکات) و مستەفا پوور محەممەدی (نوێنەری ئەوکاتی وەزارەتی ئیتلاعات لە زیندانی ئێڤین).

سەرەڕای موعامەلەی شەرمەزارکەری حکومەتی سوێد لەگەڵ

ڕژیمی تاوانکاری ئیسلامی و ڕادەستکردنەوەی حەمید نووری بە ئێران، بزووتنەوەی سکاڵاکردن لە دژی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی یەکێک لە بوارە گرینگەکانی خەبات دژی ڕژیمی جەنایەتکاری ئیسلامییە و پێویستە بەشێوەی بەهێز بەردەوام بێت. بزووتنەوەی دایکانی گیانبەختکردووانی خاوەران، سەرەڕای گوشاری بێوچانی سەرکوت، بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ساڵانە بۆ ڕێزلێنان لە قوربانییانی ئەو کارەساتە، کار و چالاکییەکانی لێکۆڵینەوە بۆ ڕوونکردنەوەی ڕەهەندە نادیارەکانی ئەم کارەساتە، بەڕێوەچوونی دادگای سەمبۆلیک، ئاکسیۆن و هەڵمەتی تەبلیغی بەرامبەر بەم مامەڵە شەرمەزارکەرە و هتد، هەموو ئەمانە هەتا ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی پێویستە درێژەیان بێت. بە ئەنجامدرانی ئەم موعامەلە قیزەونە، بۆ بزووتنەوەی ئازادیخوازانە و یەکسانیخوازانەی کرێکاران و خەڵکی ئێران ڕوونتر بووەتەوە کە هەتا ئەو کاتەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بە زەبری شۆڕش نەڕووخێت و ڕێبەرانی تاوانکاری لە دادگایەکی گشتیدا لەبەردەم خەڵکی ئازارچێشتووی ئێراندا دادگایی نەکرێن، نابێ چاوەڕێی وەدیهاتنی دادخوازی بکەین.

***

# ئاوارەیی و پەنابەری لە نەهامەتییەکانی نیزامی سەرمایەداری؛ وتەیەک بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی پەنابەران

ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠ی مانگی ژوئەن بەرابەر بە ١٣ی جۆزەردان ڕۆژی جیهانیی پەنابەرانە. ئەم ڕۆژە لە ساڵی ٢٠٠١دا لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ناودێر کرا. ناولێنانی ڕۆژێک لە ساڵ بەناوی ڕۆژی پەنابەران، ئەم مرۆڤە وەگیانهاتوویانە لە نەهامەتییەکانی نیزامی سەرمایەداری و ڕووداوە سرووشتییەکان، لەژێر گوشاری بیروڕای گشتی و مرۆڤایەتیی ئازادیخواز و یەکسانیخوازدا بە ئامانجی بەدواداچوون و تەرخانکردنی ئیمکاناتی ژیان بۆ پەنابەران بەسەر دەسەڵاتەکانی جیهاندا سەپا. بەداخەوە هەموو ساڵێ ملیۆنها کەس بە ژمارەی پەنابەران زیاد دەبێت.

کۆمیسارىای پەنابەران دان بەوە دادەنێت کە: "لە پشت ئەم ژمارە زۆر و ڕوو لە زیادبوونەی پەنابەرانەوە کارەساتی مرۆیی بێ ئەژمار شاراوەیە. کۆمەڵگەی جیهانی پێویستە بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هۆکارە ڕیشەییەکانی ئاوارەیی بێتە مەیدان". سەرۆکی کۆمیتەی نێونەتەوەیی نەجات دەڵێ: "ئەم ئامارە دڵتەزێنە سەلمێنەری سیستەمێکی نێونەتەوەیی ڕوو لە شکستە. لە کاتێکدا کە ٩٠%ی ئاوارەکانی لە وڵاتانی کەمداهات بەسەر دەبەن، حکوومەتە دەوڵەمەندەکان بەردەوام و بەشێوەی بەرچاو مافی وەرگرتنی پەنابەر سنووردارتر دەکەنەوە". کۆمیسارىای باڵای پەنابەرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دوایین ڕاپۆرتی خۆی لە ٢٤ی جۆزەردانی ١٤٠٣ ڕایگەیاند کە: "بەهۆکاری پەرەسەندنی شەڕ و توندوتیژی و باقی ڕووداوە سرووشتییەکان لە سەرتاسەریی جیهان تا مانگی مەی ئەمساڵ زیاتر لە ١٢٠ ملیۆن کەس وڵاتی خۆیان جێهێشتووە و ئاوارە بوون". ئەوە لە حاڵێکدایە کە ساڵی ڕابردوو بەپێی ئاماری پەنابەرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ژمارەی پەنابەران لە سەرتاسەری جیهان گەیشتووەتە ڕەقەمی بێوێنەی ١١٣ملیۆن کەس. وە ئەوەش نیشانەی چوونەسەری ٨%ی ژمارەی پەنابەرانە لەچاو ساڵی ڕابردوو. بە گوێرەی ئاماری ئەم کۆمیسارىایە، ٣٠ ملیۆن کەس لە ئاوارەکان کە ناچار بوون ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێبهێڵن، لە وڵاتی خۆیان ئاوارەن. هەر بەپێی ئەم ئامارە لە هەر دەقیقەیەکدا ٢٠ ئینسان ئاوارە دەبن. ئەم ئاوارانە هیچ ئاسۆیەکیان بۆ گەڕانەوە بۆ شار و دیاری خۆیان نییە و مەعلووم نییە چەند نەسلیان دەبێ لە ئاوارەییدا بەسەر ببەن.



بەگوێرەی ڕاپۆرتی ناوەندەکانی پەنابەری، وڵاتانی سووریە، ئەفغانستان، ئۆکراین، فەلەستین، سوودان لەماوەی ساڵی ڕابردوودا زۆرترین پەنابەریان هەبووە. سووریە بە نزیکەی ١٤ ملیۆن ئاوارە لە ناوخۆ و دەرەوە، زۆرترین ژمارەی ئاوارەی لە جیهاندا هەیە. سوودان بە ١١ ملیۆن ئاوارەوە لە پلەی دووهەمدایە. لە ئەفغانستان تەنیا لە ساڵی ٢٠٢١ و لەدوای هاتنە سەر کاری دووبارەی تاڵەبان زیاتر لە ٦ ملیۆن و نیو ئینسان ئاوارە بوون. ژمارەی ئاوارەکانی شەڕی ئۆکراین تا کۆتایی ساڵی ڕابردوو گەیشتە ٦ ملیۆن کەس و لە شەڕی غەززەشدا هەتا ئێستا ٧٥%ی جەمعیەتی ٢ و نیو ملیۆنیی واتە یەک ملیۆن و٧٠٠ هەزار کەس ئاوارە و بێ خانە و لانە بوون و لەماوەی ٩ مانگی ڕابردوودا لەلایەن ڕژیمی فاشیستی ئیسرائیلەوە لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر کۆچیان پێکراوە.

قەیرانی پەنابەری لە سەدەی بیست و یەکدا بووەتە کارەساتی مرۆیی و پەڵەی شەرمەزاری بەناوچاوانی دەسەڵاتە ئیمپریالیستەکان و دەوڵەتە سەرمایەدارییەکانەوە. خاڵێکی دڵتەزێنی تر ئەوەیە کە بەپێی ڕاپۆرتی گرووپەکانی چاوەدێری لەماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە ٢٠ هەزار ئاوارە کە بۆ دەربازکردنی گیانی خۆیان لە مەترسیی شەڕ و برسیەتی ناچار بوون لە مەسیری دەریای مەدیتەرانەوە بەرەو وڵاتانی ئورووپا بڕۆن، لە دەریادا نوقم بوون و گیانیان لەدەستداوە. ئەم ئینسانانە کەوتوونەتە داوی مافیای قاچاغی ئینسان کە بە خاتری بەرژەوەندی ماددیی خۆیان دەیان و سەدان کەسیان خستووەتە بارودۆخێکی دژەئینسانییەوە. سواری بەلەمی کەم زەرفیەتیان دەکەن و بەمجۆرە گیانی ئەم ئینسانانە ستەمدیدانە دەخەنە مەترسییەوە. بێگومان ژمارەیەکی زۆر لە قوربانییانیش هەن کە ناویان لە هیچ ئامارێکدا تۆمار ناکرێت و بێسەر و شوێن دەبن.

لەڕاستیدا قەیرانی پەنابەری کە جیهان لەگەڵی بەرەوڕووە، ئاکامی تێکەڵبوون و هاوکاتبوونی قەیرانی ئابووری، شەڕی ناوچەیی و ئیمپریسالیستی، قەیرانی ژینگەی و باقی ڕووداوە سرووشتییەکانە. بەڵام سیستەمی سەرمایەداری سەرچاوەی سەرەکیی هەموو ئەم قەیرانانە لەوانە قەیرانی پەنابەرییە. سەرانی ئەمریکا و باقی دەوڵەتەکانی سەرمایەداری بەردەوام بە هاوکاری لەگەڵ یەکتر خەریکی نەخشە و پلانن بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ پەنابەران. ئەمڕۆ سیاسەتی دژەپەنابەری بووەتە دروشمی هەڵبژاردنەکانی حیزبە ڕاست و کۆنەپەرستەکان لە وڵاتانی ئورووپا و بەردەوام یاسای دژەئینسانی سەختگرانەتر بۆ خستە ژێر گوشار و ڕێگریکردن لە پەنابەران دادەڕێژرێت. دەوڵەتانی تورکییە، یۆنان، ئیتالیا و وڵاتانی تر سنوورەکانی خۆیان بەرەوڕووی پەنابەران دادەخەن و ئەوان دەخەنە دژەئینسانیترین بارودۆخەوە و هێرشیان دەکەنە سەر.

ئەم نیزامە لە سات و سەودای لەگەڵ کۆنەپەرستترین و دژەئینسانی ترین حکوومەتەکانی جیهان، گیانی ئینسانەکان فیدای بەرژوەند و قازانجی سەرمایە دەکات. سازشی ئەمریکا لەگەڵ تاڵەبان و هێنانەوە سەر کاری ئەم تاقمە، ڕەقابەتی ئیمپریالیستی لەگەڵ ڕووسیە و داگیرساندنی شەڕی ئۆکراین، شەڕی ئێستای سوودان، میانمار، کۆنگۆ، لیبی، یەمەن، شەڕ و کۆمەڵکوژیی دەوڵەتی ئیسرائیل لە غەززە و هیتر، هەر هەموویان بەشێک لە ستراتێژی نیزامی سەرمایەدارییە بۆ ڕەونەقی بازاڕی فرۆشتنی چەک و کەرەستەی نیزامی. بەڵام ئاوارەیی و نەهامەتییەکانی شەڕ دەبێ خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی ئەم وڵاتە تەحەمولی بکەن.

واقعیەت ئەوەیە کە نیزامی سەرمایەداری بەرەوڕووی قەیرانی قووڵ و مەزن بووەتەوە. پێویستە سیاسەتی دووڕوویانەی دەوڵەتانی سەرمایەداری و ئیدیعای دیفاع لە مافی مرۆڤ و ئازادی و دیمۆکراسییان ڕیسوا بکرێت. تەنها ڕێگاچارەی ڕیشەیی ڕزگاری ئینسان لەم نەهامەتییانەی نیزامی سەرمایەداری لەوانە شەڕ و ئاوارەیی، لە گرەوی هاتنە مەیدانی چینی کرێکاری جیهانی و ڕووخاندنی نیزامی ڕزیو و پرتووکاوی سەرمایەداری و لە گرەوی دامەزراندنی نیزامی سۆسیالیستیدایە.

***

# هێرش بۆسەر کۆبوونەوەی خانەنشینان، ئەوپەڕی بێشەرمیی حکوومەتی ئیسلامی

ڕۆژی چوارشەممە ٢٣ی مانگی جۆزەردان، سێهەمین ڕۆژی کۆبوونەوەی بەرینی مامۆستایانی خانەنشین لە بەرامبەر بینای "سازمانی بەرنامە و بوودجە"ی ڕژیم لەناو گەمارۆی ژمارەیەکی زۆر لە لیباس شەخسییە ئەمنیەتییەکان و هێزە ئینتزامییەکانی کۆماری ئیسلامی درێژەی بوو. لەم ڕۆژەشدا هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیم و لات و چەقۆکێشەکانی حکوومەتی ئیسلامی هەوڵیان دا وتار و دروشمی ناڕەزایەتییەکانی خانەنشینان بشێوێنن.

ئەوە لە حاڵێکدابوو کە ڕۆژی پێشتری، ڕێپێوان و کۆبوونەوەی ناڕەزایەتیی هەزاران کەس لە ژنان و پیاوانی خانەنشین لەگەڵ هێرشی وەحشیانەی مەئموورانی لیباس شەخسی و گاردی ویژەی کۆماری ئیسلامی بەرەوڕوو بووەوە. ئەم هێزە بەکرێگیراوانەی ڕژیم بەوپەڕی بێشەرمییەوە دەستیان کرد بە توندوتیژی و لێدان و دەستبەسەرکردنی ژنان و پیاوانی بەساڵاچوو. ئەو ئینسانانەی کە ساڵانێکی زۆر کاریان کردووە و زەحمەتیان کێشاوە و خزمەتیان بە منداڵان و ئەم کۆمەڵگایە کردووە. بەپێی ڕاپۆرتەکان هێزە سەرکوتگەرەکانی حکوومەتی ئیسلامی لە هێرش بۆسەر کۆبوونەوەی ڕۆژی سێشەممەی خانەنشینان لە تاران، لانیکەم حەوت کەسیان دەستگیر کرد کە بەرەوڕووی ناڕەزایەتیی توندی خانەنشینان بووەوە و مەجبوور بوون ئازادیان بکەن. ئەم ئینسانە شەریفانە زیاتر لە دوو ساڵە سەرەڕای لەسەرێ بوونی تەمەنیان مەجبوورن لە گەرما و سەرمای تاقەت پڕووکێندا بێنە سەر شەقامەکان. بە دەنگی ڕەسا دژبە بارودۆخی خراپی ژیانیان ناڕەزایەتی دەربڕن و خواست و داخوازییەکانیان گەڵاڵە بکەن.

هێرشی هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیم بۆسەر ناڕەزایەتی و کۆبوونەوەی خانەنشینان بەرەوڕووی ناڕەزایەتی ڕێکخراوە سینفی و کرێکارییەکان بووەتەوە. لەم پەیوەندییەدا شۆرای هاوئاهەنگیی ڕێکخراوە پیشەییەکانی مامۆستایان ڕۆژی چوارشەممە ٢٣ی مانگی جۆزەردان، وێڕای مەحکووم کردنی هێرشی هێزەکانی ڕژیم بۆسەر کۆبوونەوەی خانەنشینان و تەئکید لەسەر مافی کۆبوونەوە و ناڕەزایەتی، ڕایگەیاند کە "خانەنشینان لە ناو گەمارۆی هێزی سەرکوتدا لەئاست کەمتەرخەمیی بەرپرسانی حکوومەت، درێژە بە کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی دەدەن". "شۆرای خانەنشینان"یش لە کەناڵی تێلێگرامیی خۆیدا، وێڕای پشتیوانی کردن لە خانەنشینان و بڵاوکردنەوەی چەندین وێنە لە حزووری بەرچاوی هێزەکانی یەگانی ویژە لە دەوروبەری کۆبوونەوەکەیان، هێرشی هێزەکانی ڕژیمی بۆسەر ئەم کۆبوونەوە ناڕەزایەتییە گەورەیەی، گۆشەیەک لە بێ حورمەتیی حکوومەتی ئیسلامی بە خانەنشینان وەسف کرد. ڕێکخراوی "یەکیەتیی خانەنشینان"یش لە کەناڵی تێلێگرامیی خۆیدا، لە پەیوەند لەگەڵ هێرشی ڕۆژی سێشەممەی پۆلیس بۆسەر کۆبوونەوەی خانەنشینان، نۆسیی: "کاتێک پۆلیس بە توندوتیژییەوە دێتە مەیدان، بەو مانایەیە کە داوای مافی خۆتان مەکەن و لێگەڕێن با بەرپرسان دزیی خۆیان بکەن".

ناڕەزایەتیی شەقامی خانەنشیانی فەرهەنگی و غەیری فەرهەنگی لەماوەی هەفتەی ڕابردوو لە شارەکانی دیکەش درێژەی بوو. ڕۆژی دووشەممە ٢١ی مانگی جۆزەردان خانەنشینانی موخابرات لە شارە جۆراوجۆرەکانی وەک ڕەشت، خورەم ئاباد، ئیسفەهان، تاران، زەنجان، بەندەرعەباس، بیجاڕ، سنە، تەورێز و چەند شاری دیکە کۆبوونەوەی ناڕەزایەتیی سەرتاسەرییان بەڕێوەبرد. ڕۆژی سێشەممە لە کرماشانیش خانەنشینانی موخابرات، تەئمینی ئیجتماعی، علوومی پزیشکی بەشێوەی هاوبەش کۆبوونەوەی



ناڕەزایەتییان بەرپاکرد.

داخوازیی ئابووریی خانەنشینان لەم بارودۆخەدا کە دەسەڵاتی ئیسلامی سەرمایەداران هەژاری و نەهامەتیی بەسەریاندا سەپاندووە بریتییە لە: بردنەسەری حقووق بەپێی ڕێژەی تەوەرۆم و هەزینەی سەبەدی مەعیشەتی بنەماڵەیەکی ئاسایی، هاوسان کردنی حقووقی خۆیان لەگەڵ کارمەندانی شاغڵ و جێبەجێ کردنی گەڵاڵەی ڕیزبەندیی پیشە و دەرمان و خزمەتگوزاریی بێبەرامبەر. خانەنشینان بەشێوەی بەردەوام بە حزوور لە شەقام و کۆبوونەوە لە بەرامبەر ئیداراتی دەوڵەتی و بە وتنەوەی ئەم دروشمانە پەیگیری داخوازییەکانیان بوون: "هێزی ئێمە یەکگرتنمان دایە، ڕیزبەندی مافی ڕەوامانە"، "بێکاری، تەوەرۆم بەڵای گیانی خەڵکە"، "ڕووسەری ڕەها کە، فکرێک بە حاڵمان بکە"، "کرێکاری زیندانی دەبێ ئازاد بکرێ - زیندانیی سیاسی دەبێ ئازاد بکرێ"، "کاندیدی درۆزن، کوا وادە و بەڵێنت؟"، "ئەوەی بەرەنگاری ئەهلی قەڵەم بووەوە، شکستی هێنا".

قووڵبوونەوەی قەیرانی ئابووری و داماویی حکوومەتی ئیسلامی لە کۆنترۆڵکردنی ئەم قەیرانە، بارودۆخی ژیانی خانەنشینانیشی خراپتر کردووە. سەرۆکی ناوەندی خانەنشینانی تەئمینی ئیجتماعی لە ساڵی ١٤٠٢ دانی بەوە دانا کە حقووقی مانگانەی ٧٠ لەسەدی خانەنشینان بە چەند منداڵ و خانەوادەوە، ٧ تا ٨ ملیۆن تمەنە. وە ئەوەش یانی حقووقی سێ بەرابەر ژێر هێڵی هەژاری. حقووقێک کە تەنها بەشی هەزینەی ژیانی دە ڕۆژی مانگێکیان دەکات. لە کاتێکدا کە بەپێی ئامارەکانی ناوەندە ماڵییەکان ڕێژەی تەوەرۆمی ساڵی ڕابردوو ٤٧ لەسەد ڕاگەیەندرابوو، ڕژیم حقووقی خانەنشینانی تەنها ٢٠ لەسەد زیاد کرد. هەروەها سەرەڕای بەڵێنی درۆینەی ڕەئیسی بە خانەنشینان سەبارەت بە جێبەجێکردنی خواستەکانیان، بەپێی ڕاپۆرتی ئیلنا دەوڵەت مانگی خەرمانانی ساڵی ڕابردوو گەڵاڵەی "هاوسانسازیی حقووقی خانەنشینان و کارمەندان"یشی کە پێشتر داببووی بە مەجلیس، وەرگرتەوە. چونکە بە ئیعترافی سەرۆکی سازمانی بەرنامە و بوودجەی ڕژیم، "چارەسەرکردنی کێشەی خانەنشینان لە ئەولەویەتی دەوڵەتێکی پڕ لە ژانەسەری ئابووریدا نییە". کەوابوو حکوومەتی داڕماوی ئیسلامی لەم ماوەیەدا نەیتوانیوە هیچکام لە خواستەکانی خانەشینان وەدی بێنێت و بایەخی بە ناڕەزایەتیی ئەم ئینسانە شەریف و زەحمەتکێشانە نەداوە. بەڵام لەئێستادا و لەگەڵ نزیک بوونەوە لە گاڵتەداڕی هەڵبژاردنی پێشوەختەی سەرۆک کۆمار لە دوای مەرگی ڕەئیسی قاتڵ، نیگەرانی حکوومەتی ئیسلامی زیاتر بووە. ڕژیم بۆ ڕێگری لە کاریگەریی ناڕەزایەتییەکانی شەقام لەسەر بەشداری نەکردنی زیاتری خەڵک لەم شانۆ ئینتخاباتییە، هەوڵ دەدات لە بەڕێوەچوونیان ڕێگری بکات. تا لەوە زیاتر مۆری نامەشرعبوون لە ناوچاوانی ئەم دەسەڵاتە دژەئینسانییە نەدرێت.

ڕژیمی داماوی کۆماری ئیسلامی کە لە هەموو بوارێکدا گەیشتووەتە بنبەست، لەئاست درێژەدانی دەسەڵاتەکەی یەکجار نیگەرانە. هەربۆیە لە سەروبەندی شانۆی ئینتخاباتی سەرۆک کۆماردا، بۆ ڕێگری لە ئاشکرابوونی زیاتری ڕسوایی و گەندەڵی و دزییەکانی، فەرمان و بڕیاری سەرکوتگەرانەی بێوێنەی دەرکردووە. بۆ نموونە بڵاوکردنەوەی هەر بابەتێک کە لە ڕوانگەی ناوەندە ئەمنیەتییەکانەوە ببێتە هۆی "سەرلێشێوانی خەڵک"، سیانەمایی و هاندان بۆ بایکۆتکردن و کەمکردنەوەی بەشداری لە ئینتخابات و بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی و مانگرتن، تاوان پێناسە دەکرێت و هەڕەشەی کردووە کە پەروەندەی قەزایی پێکدەهێنێت. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەم گوشار و بەربەستانە خانەنشینان بڕیاریان داوە کە لە هەموو بارودۆخێکدا درێژە بە ناڕەزایەتییەکانیان بدەن و بە دروشمی "وا مەزانن هەر ئەمڕۆیە، قەرارمان هەموو ڕۆژێکە" وڵامیان بە هەڕەشەکانی حکوومەتی ئیسلامی داوەتەوە. واقعیەت ئەوەیە کە ڕزگاریی خانەنشینانیش لەو ژیانە فەلاکەتبارەی کە ڕژیمی ئیسلامی سەرمایەداران بەسەریانیدا سەپاندووە تەنها لەڕێگەی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ئەم دەسەڵاتە دز و گەندەڵ و تاوانکارەوە دێتە دی.

❊❊❊

# گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار، ستراتێژی دەسەڵاتی ئیسلامی بۆ مانەوە پەرەپێدانی سەرکوتە

لەدوای کوژرانی ڕەئیسی ئایەتوڵڵای ئێعدام، کادری ڕێبەریی حیزبی پادگانی سپای پاسداران و خامنەیی موهەندسی کردنی ئینتخاباتی پێشوەختەی سەرۆک کۆماریان خستووەتە دەستووری کارەوە و ٨ی پووشپەڕیان بۆ بەڕێوەبردنی ئەم گاڵتەجاڕییە دیاری کردووە. شانۆی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار لە بارودۆخێکدا بەرنامەڕێژی کراوە کە لە ١١ی مانگی ڕەشەممەوە هەتا ئێستا دوو جار مۆری نامەشرووعبوون لە ناوچاوانی نیزامی ئیسلامی دراوە. ئەم شکستانە لە هەمان کاتدا کە ناکۆکیی نێوان باڵەکانی حکوومەتی ئیسلامییان توندتر کردووەتەوە، هەموو ئەم باڵانەشی لەئاست چارەنووسی نیزامی ئیسلامی نیگەران و پەرۆش کردووە. لەم ڕووەوە هەم ئیسلاح تەڵەبانی حکوومەتی و هەم ئیعتدالگەراکان و هەم ئوسوولگەرایانی میانەڕەو هاتوونەتە مەیدان تا بە خەیاڵی خۆیان بۆ تەنووری ساردی ئینتخابات بازاڕگەرمی بکەن و ئیعتباری لەدەستچووی مێکانیسمی ئینتخابات بگەڕێننەوە و نیزامی ئیسلامی لەم قۆناغە هەستیارە تێپەڕێنن.

سەرانی ڕژیم لە حاڵێکدا کە هەوڵ دەدەن ئەم نمایشە ئینتخاباتییە وەک ڕووداوێکی گرینگ لە مێژووی سیاسی کۆمەڵگادا نیشان بدەن، بەڵام لە کاردانەوەی خەڵک و ئاکامەکانی یەکجار نیگەرانن. خامنەیی داوای لە کاندیدەکان کردووە کە لە "بۆختان و تۆمەت لێدان" لە یەکتر خۆبەدوور بگرن و بەم کارانە "ئابڕووی نەتەوەیی" وڵات نەبەن. بەدوای ئەم وتانەدا سەدا و سیمای کۆماری ئیسلامی کە لەژێر کۆنتڕۆڵی کادری ڕێبەریی سپا و خامنەییدایە لەڕێگەی ڕاگەیاندنێکەوە سەبارەت بە یاسا و چوارچێوەکانی "بەرنامەی تەبلیغاتی کاندیدەکانی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار" ڕایگەیاند: هەموو جۆرە وتەیەک کە بەپێچەوانەی "بنەما و سیاسەت"ەکانی کۆماری ئیسلامی و دژی "یەکگرتوویی و هاوپشتی" و "ئەمنیەتی نەتەوەیی و یەکپارچەیی خاکی وڵات" بێت، هەر شتێک کە بەواتای تۆمەت و سووکایەتی پێکردن و بوختان لێدان لە کاندیدەکان و کەسایەتییەکانی تر بێت، نایاساییە. ئەم هەڕەشانەی خامنەیی و ڕاگەیاندنی سەدا و سیما بەئاشکرا بۆ ئەوەیە کە باندەکانی حکوومەت گەندەڵی و تاڵانکارییەکانی نیزامی ئیسلامی لە ڕووبەڕووبوونەوەی تەلەڤیزیۆنیدا لەقاو نەدەن. خامنەیی نیگەرانی ئەوەیە کە ئەمجارە خودی کاندیدەکان بە وتنی خراپەی یەکتر، نیزامی ئیسلامی زیاتر نوقم بکەن و تووڕەیی و ناڕەزایەتیی جەماوەری لێبکەوێتەوە. هاوکات عەلی ڕەزمجوو، فەرماندەی سپا لە ئوستانی بووشێهر لە کۆبوونەوەی ستادی ئینتخاباتی ئەم ئوستانە باسی لەوە کرد کە "ڕەزمایشی فەزای مەجازی" بۆ "زۆرترین بەشداری" لە چوادەهەمین دەورەی ئینتخابی سەرۆک کۆماری بەڕێوەچووە و "هادیانی سیاسی" بۆ شار و گوندەکانی ئێران ڕەوانە کراون تا خەڵک بەشێوەی بەرین لە ئینتخاباتی ٨ی پووشپەڕدا بەشداری بکەن.

بەڵام ناڕەزایەتیی گشتی دژبە بارودۆخی ئێستا و پەرەسەندنی خواستی ڕووخاندنی حکوومەتی ئیسلامی هەموو ئەم هەوڵ و تەقەلایانەی دەمێکە بەرەوڕووی شکست کردووەتەوە. واقعیەت ئەوەیە کە دیاردەی ئینتخاباتی موهەندسیکراو کارکردی پێشووی خۆی بۆ ڕژیمی ئیسلامی لەدەستداوە. ئامانجێکی "ئینتخابات" لە کۆماری ئیسلامیدا ڕاکێشانی هەرچی زیاتری خەڵک بەرەو سندووقەکانی دەنگدان و لەم ڕێگەوە بەدەستهێنانی مەشرووعیەت بووە. بەڵام ئینتخابات بۆ ئەم ئامانجە بەهۆی شەپۆلی بەرینی نەچوون بۆسەر سندووقەکانی دەنگدان کارامەیی خۆی لەدەستداوە. ئامانجێکی دیکەی ئینتخابات، دووبارە دابەشکردنەوەی دەسەڵات لە نێوان جەناح و باندەکانی ناو حکوومەت بووە. بەڵام ئەمەش




بەهۆی بڕیاری خامنەیی و ڕێبەرانی سپا بۆ یەکدەست کردنی دەسەڵات، لە دەستووردا نەماوە. لەڕاستیدا دیاردەی ئینتخابات تەنیا وەک ئامرازێک بۆ ڕازاندنەوەی حکوومەتی ئیستبدادی دینی بەسەر دەستی چینی سەرمایەداردا ماوەتەوە.

کرێکاران و خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەم گاڵتەجاڕییە ئینتخاباتییە، هەم کارنامەی زیاتر لە چوار دەیەی دەسەڵاتی سەرمایەداری ئیسلامی، و هەم ڕۆژانی پڕ لە شانازی ئاخێزەکانی مانگی بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨ و بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادییان لەبیرە. ئەم خەڵکە ڕۆژانە ئاکامی پەرەسەندنی بێوێنەی گرانی و هەژاری و نەهامەتی ئابووری، زیاتربوونی حاشیەنشینی، چوونەسەری خێرای ژمارەی منداڵانی کار، بێکاری ملیۆنی و ژیان لەژێر هێڵی هەژاری ئەزموون دەکەن. ئەم خەڵکە بینییان کە چۆن ئازیزانیان بوونە قوربانی نهێنیکاری و درۆودەلەسە و داماوی ڕژیم لە بەرامبەر پەتای کۆرۆنادا. ئەم خەڵکە بەردانەوەی فڕۆکەی ئۆکراینیان بە ١٧٦ سەرنشینەوە لەلایەن سپای پاسدارانەوە بینیوە. ئەم خەڵکە بە بەندکێشانی کرێکاران، خانەنشینان، موعەلیمان، ژنان، نووسەران، ژینگەپارێزان، وێبڵاگنووسان، و شەلاق لێدانیان بینیوە. بەڵام لە بەرامبەردا خەڵک خۆڕاگری شکۆمەند و بێباکانەیان تەجروبە کردووە. لە هەمووی گرینگتریش ئەوەیە خۆیان باش دەزانن پەیوەندیان لەگەڵ ڕژیم گەیشتووەتە قۆناغێکی ئاشتیهەڵنەگر و لەم پەیوەندییەدا سندووقی دەنگدان هیچ جێگەیەکی نییە. ئەوان لە مانگی بەفرانباردا بینییان کە چۆن هاواری "ئیسلاح تەڵەب ئوسوولگەرا ئیتر تەواو بوو ماجەرا" لە هەموو گۆشەیەکی ئەم وڵاتە دەنگی دایەوە. هەر ئەوەیکە ئەم کاندیدانەی ڕژیم باری هەژاری و فەلاکەتی ئابووری و بێمافی کۆمەڵایەتی دەخەنە ئەستۆی یەکتر، خۆی نیشانەی سێبەری قورسی ئەم ئاخێزانەیە بەسەر شانی کارگێڕانی حکوومەتەوە. ئەوەیکە باڵەکانی ڕژیم بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ بارودۆخی قەیراناوی و مەترسی ڕاپەڕینی جەماوەری هەژار و برسی، بەرەو یەکدەستکردنی سێ دەزگاکەی حکوومەت و چڕکردنەوەی دەسەڵات لە ناو دەستی نیزامییەکان هەنگاو دەنێن، نیشانەی ئەوەیە کە ناتوانن بە ڕەواڵی پێشوو حکوومەت بکەن. لەم ڕووەوە خەباتی چینایەتی لە کۆمەڵگادا بەرەوڕووی بارودۆخێکی تازە دەبێتەوە و چینی کرێکار، پێشڕەوانی ئەم چینە و بزووتنەوەی سۆسیالیستی پێویستە وڵامی گونجاوی پێ بدەنەوە.

لەم هەلومەرجەدا کە کۆمەڵگای ئێران لە قۆناغێکی شۆڕشگێڕانەدا بەسەر دەبات، بۆ ڕێبەری سپای پاسداران و بناژۆخوازان زەمانەتکردنی مانەوەی ڕژیم نەک لەڕێگەی ڕاکێشانی خەڵک بەرەو سندووقەکانی دەنگدان و بەدەستهێنانی مەشرووعیەتی ئینتخاباتی، بەڵکوو لەڕێگەی بەهێزکردنی توانای سەرکوتی حکوومەتی ئیسلامییەوە دێتە دی. لە وەها بارودۆخیکدا بۆ تێکشکاندنی ستراتێژی سەرکوتی بێسنوور و بۆ ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی پێویستە بەشێوەی نەخشەمەند پێداویستییەکانی ڕووخاندنی ئامادە بکەین. بزووتنەوەی کرێکاری ئێران سەرەڕای هەموو ئەو بەربەستانەی کە لەسەر ڕێگایەتی دەتوانێ ڕێکخراوتر بێتە مەیدان. هەلومەرجی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵگا و بزووتنەوەی مانگرتنی کرێکاران بەستێنێکی بابەتی بۆ بەهێزترکردنی ڕێکخستنی چینی کرێکارە کە دەتوانێ زاڵبوون بەسەر نەبوونی ڕێکخستنی جەماوەریی کرێکاران خێراتر بکاتەوە.

ئەم بزووتنەوەیە بەو ڕێبەرە سۆسیالیست و خۆشناوانەی کە لە دڵی خۆیدا پەروەردەی کردووە توانای ئەوەی هەیە کە هێزی بزوێنەری خۆی ڕێکخراوتر بێنێتە مەیدان. گەشەپێدان و بەهێزکردنی پەیوەندی ئەم بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییانە دەتوانێ بەستێنەکانی مانگرتنە سیاسییە جەماوەرییەکان لە سەرتاسەری ئێران ئامادە بکات. ئەو مانگرتنانەی کە ئاوێتەی ڕێپێوانی سەر شەقام و کۆبوونەوەی ناڕەزایەتین دەتوانن دەزگای سیاسی، ئیداری و ئابووریی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی زەمینگیر بکەن. مانگرتنی سیاسی جەماوەری کە مانگرتنی کرێکاری بڕبڕەی پشتیەتی، دەتوانێ ڕیزی هێزە چەکدارەکان و سپای پاسداران بشێوێنێ. ناکۆکی ناو ئەم هێزانە قووڵتر بکاتەوە و هێزی سەرکوتیان زەمینگیر بکات و بەستێنەکانی ڕێکخستنی ڕاپەڕین و ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئامادە بکات.

❊❊❊

# ڕێفۆرمخوازانی حکوومەتی لە خەیاڵی بازاڕگەرمیدان بۆ تەنووری "ساردی "هەڵبژاردن

لەگەڵ نزیک بوونەوەی شانۆی هەڵبژاردنی پێشوەختەی "سەرۆک کۆمار" بەهۆی مەرگی ئیبراهیم ڕەئیسی قاتڵ، بەرەی دۆڕاوی ڕێفۆرمخوازانی حکوومەتی، بەتەمان بەکەڵک وەرگرتن لە بنبەست و چەقبەستوویی حکوومەتی ئیسلامی لە هەموو بوارەکان، بۆ جارێکی تر شانسی خۆیان بۆ چوونەوە ناو بازنەی دەسەڵاتی گەندەڵی کۆماری ئیسلامی تاقی بکەنەوە. ڕۆژی چوارشەممە ١٦ی جۆزەردان، محەممەد خاتەمی، سەرۆک کۆماری پێشووی حکوومەتی ئیسلامی و سەرۆکی بەرەی ئیسلاحات کە هێشتا قەدەغەی دەرکەوتنی لە میدیاکانی دەوڵەت هەڵنەگیراوە، پەیامێکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند " لەگەڵ ستراتیژی هەڵبژاردنی بەرەی ئیسلاحاتدا هاوڕایە و ئەگەر پێشنیاری ئەم بەرەیە جێبەجێ بکرێت، بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا دەکات". گۆڕانی هەڵوێستی محەممەد خاتەمی بۆ بەشداری لە شانۆی هەڵبژاردنی ڕژیمێک کە خۆی بۆ ماوەی هەشت ساڵ لە پۆستی بەناو سەرۆک کۆمارییەکەیدا بووە و بە ئیعترافی خۆی تەنها ڕۆڵی "تەداڕوکچی"ی بینیوە، فریوکارانەیە و هەوڵێکە لەپێناوی دەربازکردنی ڕژیمی داماوی کۆماری ئیسلامی لە ڕووخان.

خاتەمی وێڕای وەبیرهێنانەوەی قووڵایی ناڕەزایەتی خەڵک دژبە کۆماری ئیسلامی و دەرک کردنی، داوا لە بەرەی دەسەڵاتدار دەکات کە زەمینەی هەڵبژاردنێک فەراهەم بکەن کە تێیدا هەموو ڕەوتە سیاسییەکان بتوانن کاندیدی دڵخوازی خۆیان هەبێت. هەڵبەت خاتەمی خۆی لە گێلی دەدات ئەگینا دەزانێ کە حاکمانی کۆماری ئیسلامی لەسەر دەریایەک لە نەفرەت و بێزاریی جەماوەر حکوومەت دەکەن، لە قەیرانی قووڵ و هەمەلایەنەی چارەهەڵنەگردا دەست و پێ لێدەدەن، ڕۆژانە لەگەڵ مانگرتنی کرێکاری و ناڕەزایەتی توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگا و داخوازییەکانیان بەرەوڕوون و هەتا ئێستا تەنها بە سەرکوت و کوشتار و ئەشکەنجە دەسەڵاتەکەیان ڕاگرتووە. ڕێبەرانی باڵی دەسەڵاتداریش دەزانن کە کێشەی حکوومەت بە هیچ شێوەیەک لە ڕێگەی ئینتخاباتەوە چارەسەر نابێت و بەپێچەوانەی ڕێفۆرمخوزانی خەیاڵاوی، دەزانن کە نابێ بازنەی دەسەڵات بۆ بەشداریی ئەوان ئاواڵە بکەن. خاتەمی لە کاتێکدا ئامادەیە لە هەڵبژاردندا بەشداری بکات کە یەک مانگ و نیو پێش ئێستا لە کاتی بەڕێوەچوونی خولی دووهەمی هەڵبژاردنی مەجلیسی ڕژیم لە فایلێکی دەنگیدا وتبووی کە لە هەڵبژاردندا بەشداری ناکات. تەنانەت هێندێک لە ڕێفۆرمخوازانیشی سەرزەنشت کردبوو کە: "بۆ چکۆلەترین گۆڕانکاریی حکوومەت دەپاڕێنەوە و بۆ بەدەستهێنانی چەند کورسی لە مەجلیس سواڵ دەکەن". بەڵام ئێستا خۆشی بە ڕیزی ئەوان پەیوەست بووە.

بەڵام گەڵاڵەی "ستراتێژی هەڵبژاردنی بەرەی ئیسلاحات" کە خاتەمی لەگەڵی موافقە چییە؟ بەپێی ڕاپۆرتی وێبسایتی "ئینتخاب" کە نزیکە بە ئیسلاح تەڵەبانی حکوومەتی، ڕۆژی پێنجشەممە ١٠ی مانگی جۆزەردان ئەم بەرەیە وێڕای دەربڕینی داخ و کەسەر بۆ مەرگی ڕەئیسی ڕایگەیاند: "بەڕێوەچوونی پێشوەختەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار، خەڵک و ناوەندە مەدەنی و ڕەوتە سیاسییەکان بەتایبەت بەرەی ئیسلاحاتی خستووەتە بەردەم بڕیارێکی دەستبەجێ و بەپەلەوە. هەربۆیە بەلەبەرچاوگرتنی بارودۆخی جێگەی نیگەرانی وڵات بڕیار درا کە بەمەرج و مەشرووت لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریدا بەشداری بکەین". گەڵاڵەی ستراتێژی ٩ ماددەیی ئیسلاح تەڵەبەکان کە گۆیا ڕێگای دەربازکردنی حکوومەتی ئیسلامی لە بارودۆخی جێی نیگەرانی وڵات زەمانەت دەکات، یەکجار هەلپەرستانەیە و ئامانجی گەڕانەوە بۆ ناو بازنەی دەسەڵات و بەشخوازییەکی داماوانەیە و هیچی تر. لە ماددەی



یەکەمیدا هاتووە: "بەرەی ئیسلاحات بە کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتی پێشهاتوو و بە ئامانجی باشترکردنی بارودۆخی وڵات، بەمەرج بەشداری ئەم هەڵبژاردنە دەکات". مەرجی ئەوان بۆ بەشداری کردن لە گاڵتەجاڕی هەڵبژاردن لە ماددەیەکی دیکەدا بەمجۆرە نووسراوە: "بەرەی ئیسلاحات ئەو کاتە لە هەڵبژاردندا بەشداری دەکات کە لانیکەم سەلاحییەتی یەکێک لە کاندیدەکانی پەسند کرابێت".

سواڵ کردن و پاڕانەوە بۆ قەبووڵکردنی یەک کاندید لەلایەن بەرەی ڕەقیبەوە وەک مەرجی بەشداری لە ئینتخابات، هێندە سەرشۆڕانە و داماوانەیە کە خۆیان ئەگەری ڕەخنەی هێندێک لە ئەندامانیان پێشبینی کردووە و بۆ ڕێگری لە لێکبڵاوبوونی زیاتری ڕیزەکانیان، لە بڕگەیەکی تردا تەزەکوریان داوە کە بەئامانجی پاراستنی یەکڕیزی، هەموو ئەندامانی بەرەی ئیسلاحات دەبێ ئەم بڕیارە ڕەچاو بکەن. ئاشکرایە کە تەنانەت ئەگەر باڵی دەسەڵاتدار بە ئامانجی بازاڕگەرمی بۆ نمایشی ئینتخابات یەکێک لە ئیسلاح تەڵەبەکانیش قەبووڵ بکات، هێشتاش بۆ هاتنە دەر لە سندووقی ئینتخاباتی ڕژیم هیچ شانسێکیان نییە.

ڕێفۆرمخوازانی حکوومەت خۆیان دەیان ساڵ لەم ڕژیمە گەندەڵەدا شەریکی دز و یاری قافڵە بوون و لەدژی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگا گەلێک جەنایەتیان ئەنجامداوە. لە سەردەمی خاتەمیدا بوو کە پاسدار قالیباف عەمەلیاتی "گازئەنبۆری"ی بۆ سەرکوتکردنی خوێندکاران بەڕێوەبرد. خاتەمی ساڵەها فریوکارانە هاواری دەکرد کە کەم هەزینەترین و کورتترین ڕێگا بۆ گۆڕینی ڕەفتاری ڕژیم بەشداری کردن لە هەڵبژاردن و چوونە سەر سندووقی دەنگدانە. دەربڕینی هەڵوێستی ناتەبا سەبارەت بە شانۆی ئینتخابات و سەفسەتە بۆ ڕاکێشانی خەڵک بەرەو نمایشی ئینتخاباتی ڕژیم، نیشانەی ئەوەیە کە خاتەمی لەئاست خێراتربوونەوەی پڕۆسەی ڕووخانی حکوومەتی ئیسلامی نیگەرانە.

بەڵام جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش ساڵەهایە ڕێگای ڕزگاری خۆیان نەک هەر لە نەمانی ئیسلاح تەڵەبەکان، بەڵکوو لە نەمان و ڕووخانی گشت ئەم دەسەڵاتەدا دەبینن. بۆ ئەوان ڕوون بووەتەوە کە ئیسلاح تەڵەبەکان خۆیان بەشێک لە مافیای دەسەڵات و پارێزەری حکوومەتی ئیسلامین. ڕێفۆرمخوازان نە لە سەردەمی ڕەفسەنجانی و خاتەمی و نە لە دەورەی ئیعتدالی ڕووحانیدا هیچیان بۆ کۆمەڵگا نەکردووە بێجگەلە داسەپاندنی هەژاری و برسیەتی بەسەر خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش لەڕێگەی دامودەزگای سەرکوت و کۆنەپەرستییەوە. ڕێفۆرمخوازان خۆیان لە پەرەپێدانی زەبروزەنگ و سەرکوتی ئازادیی سیاسی، سەرکوتی دڕندانەی کرێکاران، ژنان، خوێندکاران، موعەلیمان، خانەنشینان و توێژەکانی دیکە کۆمەڵگا دەورونەخشیان بینیوە. هەربۆیە بەشمەینەتانی ئێران شەش ساڵ لەمەوبەر لە جەریانی ئاخێزی جەماوەریدا بە دروشمی "ئیسلاح تەڵەب ئوسوولگەرا ئیتر تەواو بوو ماجەرا"یان ڕاگەیاند و شکستی ستراتێژی ڕێفۆرمخوازانی حکوومەت واتە گۆڕانکاری لەڕێگەی مێکانیسمی ئینتخاباتیان ڕاگەیاند. لەم ڕووەوە بەشداری کردن یان نەکردنی ڕێفۆرمخوازانی حکوومەتی لە گاڵتەجاڕی ئینتخاباتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لەسەر دەنگ و ئیرادەی جەماوەر کە ڕووخاندنی گشت حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەدرانە، کاریگەری دانانێت. بێگومان کرێکاران و زۆرینەی جەماوەری خەڵک، کە لەژێر فشاری گرانی و هەژاری و نەهامەتی ئابووریدا وەگیان هاتوون، ئەمجارەیان بەئیرادەتر لە مانگەکانی پێشوو، ڕژیم لە گەیشتن بەم ئامانجەی بەرەوڕووی شکستێکی سەرشۆڕانەتر دەکەنەوە.

لەم نمایشە ئینتخاباتییەشدا دەنگی خەڵک "نا" بۆ حکوومەتی خولقینەری هەژاری و بێکاری و برسیەتی، "نا" بۆ حکوومەتی ئێعدام و ئەشکەنجە و زیندان، "نا" بۆ هەموو باڵە دز و گەندەڵ و مافیاکانی دەسەڵات، "ئەرێ" بۆ ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی دەسەڵاتی جەهل و خورافەی سەرمایەداریی ئیسلامی دەبێت. بێگومان کرێکاران و خەڵکی ڕەنجدیدە و ئازادیخوازی ئێران لە ڕۆژی ٨ی مانگی پووشپەڕ بۆ سێهەمین جار لەماوەی کەمتر لە چوار مانگدا، مۆری نامەشرووعبوون لە ناوچاوانی کۆماری ئیسلامی دەدەن.

❋❋❋

# بڕیارنامەی کۆمیتەی سەرتاسەریی بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەی ناڕەزایەتیی ٧ی ژوئەن لە بەرامبەر ڕێکخراوی جیهانی کار

١١٢هەمین کۆنفرانسی ساڵانەی ڕێکخراوی جیهانی کار لە ٣ تا ١٤ی ژوئەن، بە بەشداری هەیئەتی نوێنەرایەتی کۆماری ئیسلامی لە کاتێکدا بەڕێوەدەچێت کە هەموو ئەم هەیئەتە لە دەست و پەیوەند و بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی پێکهاتووە. هەیئەتی بەناو کرێکاریی ئێران، پێکهاتوو لە سەرانی "ڕێکخراوە کرێکارییەکان"ی سەربە دەوڵەتە. ئەو ڕێکخراوانەی کە لە سەرکوت و کۆنترۆڵکردنی خەباتی کرێکاراندا دەورونەخشی راستەوخۆیان بینیوە. کۆماری ئیسلامی ئێران لەماوەی ٤٥ ساڵ دەسەڵاتیدا لەڕێگەی ئۆرگانەکانی سەرکوتەوە مافی سەرەتایی کرێکاران لەوانە ئەو مافانەی لە ڕێککەوتنە بنەڕەتییەکانی ڕێکخراوی جیهانیی کاردا هاتووە بەردەوام لە ئاستی بەریندا پێشێلی کردووە. هەرجۆرە تێکۆشان و خەباتێکی کرێکارانی بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوەی سەربەخۆی کرێکاری، پەیمانی بەکۆمەڵ، مانگرتن و ناڕەزایەتیی بە هەڕەشە و گرتن و زیندان وڵام داوەتەوە. هەموو ساڵێ سەدان چالاکی کرێکاران و موعەلیمان تەنها بەخاتری چالاکیی کرێکاری و سەندیکایی کە لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهان بە بابەتێکی ئاسایی دادەندرێت، هەڕەشەیان لێدەکرێ، لەسەر کار دەردەکرێن، زیندانی دەکرێن و ئەشکەنجە دەدرێن. هەر ئێستا لانیکەم ٤٠ چالاکی کرێکاران و موعەلیمان لە زینداندا بەسەر دەبەن.

ژنانی کرێکار و ژنان بە گشتی، جگە لە سەرکوتکردن و پێشێلکردنی مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ لەلایەن حکومەتەوە، کە هەموو هاووڵاتیان دەگرێتەوە، لە شوێنی کار و کۆمەڵگادا بەرەورووی جیاکاری و هەڵاواردنی دوو هێندە دەبنەوە؛ ڕێژەی دامەزراندنی ژنان لە ئێران نزیکەی ١٤%ە کە لە ئاستی ناوچەییدا یەکێک لە کەمترین ڕێژەکانی بەشداریی ژنانە. لە زۆرێک لە پیشەکاندا، بەتایبەت لە کارگەکان و پیشە چکۆلەکانی دیکەی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری، ژنانی کرێکار حەقدەستێکی کەمتر وەردەگرن کە تەنانەت لە لانیکەمی حەقدەستی یەکجار کەمی ڕەسمیش، کەمترە. ڕژیمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی لە یەک کەلامدا ئاپارتایدی ڕەگەزیی بەسەر وڵاتدا سەپاندووە و کردوویەتە یاسا. داسەپاندنی پۆششی خوازراوی حکوومەت بەسەر ژنان (واتە حیجابی ئیجباری)، بەندبوونی مافی کار و سەفەرکردنی ژنان بە ئیجازە وەرگرتن لە هاوسەر، نەبوونی مافی سەرپەرشتیکردنی منداڵ و مافی جیابوونەوە، بێبەری بوون لە هەندێک کار، نایەکسانی یاسایی لە بواری قەزایی کە بە ڕوونی لە یاسا فەرمییەکانی وڵاتدا گونجێندراون، دەرخەری گۆشەیەکن لە هەڵاواردنی ڕەگەزیی داسەپاو بەسەر کۆمەڵگای ئێراندا. ئاخێزی ژن، ژیان، ئازادی کە پایەکانی حکومەتی ئیستبدادی ئێرانی خستە لەرزە و لە جیهاندا دەنگی دایەوە، بەر لە هەموو شتێک ناڕەزایەتی لەدژی ئاپارتایدی ڕەگەزی و نایەکسانیی داسەپاو بەسەر ژناندا بوو. خەبات و نەبەردی بوێرانەی ژنان دژبە پۆششی زۆرەملێ بەردەوام لەئارادایە و ڕژیم سەرەڕای وەڕێخستنی شەڕی شەقام و لێدان و توندوتیژی، گرتن و جەریمە کردنی ژنانی بێحیجاب نەیتوانیوە دەنگی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازیی ژنان کپ بکات.

کاری منداڵان بووەتە بابەتێکی باو. ئامارە نافەرمییەکان باس لە بوونی سێ تا چوار ملیۆن منداڵی کار دەکەن. تەنها ساڵی ڕابردوو بە پێی ڕاپۆرتە فەرمییەکان زیاتر لە ٩٣٠ هەزار منداڵ بەهۆی هەژاری خێزانی و قبوڵنەکردنی کەمترین بەرپرسیارێتی لەلایەن حکومەتەوە لە خوێندن بێبەش بوون یان وازیان لە خوێندن هێنا. زۆربەیان بە لەشکری بێشوماری منداڵانی کارەوە پەیوەست بوون. واتە ئەو منداڵانەی لە دونیای منداڵییان بێبەرین، بە توندی دەچەوسێنەوە و بەردەوام لەبەردەم هەموو جۆرە توندوتیژی و ئازاری دەروونی و



جەستەیی دان.

چینی کرێکاری ئێران سەرەڕای هەموو دژوارییەکان، قوربانی بێدەنگی ئەم دەستدرێژی و هێرشە بەرینەی سەرمایەداریی دەسەڵاتدار نەبووە. لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، خەباتی ئاشکرا، بێ ئەمان و دژواری چینایەتی لە نێوان کرێکاران و چینی دەسەڵاتداردا لەئارادایە. لەماوەی یەک دەیەی ڕابردوودا هەموو ساڵێ نزیکەی دوو هەزار مانگرتن، کۆبوونەوە و ناڕەزایەتی لەلایەن کرێکاران، موعەلیمان، خانەنشینان و توێژەکانی دیکەی چینی کرێکارەوە بەڕێوەچووە. لە هەموو ئەم ماوەیەدا کرێکاران و چالاکانی کرێکاری بۆ بەهرەمەندبوون لە مافی پێکهێنانی ڕێکخراوەی سەربەخۆ، مافی مانگرتن، ناڕەزایەتی و کۆبوونەوە، بردنەسەری بڕی حەقدەست و مووچەی بەرابەر لەبری کاری بەرابەر، هەڵوەشاندنەوەی هەموو جۆرە هەڵاواردنێک و نەمانی گرێبەستی کاتی و شیرکەتە پەیمانییەکان، خەباتیان کردووە. هەموو نیشانەکان پێمان دەڵێن کە کرێکارانی ئێران خوازیاری گۆڕینی بنەڕەتیی ئەو بارودۆخە دژەئینسانی و تاقەت پڕووکێنەن کە چینی دەسەڵاتدار و سەرکوتگەر بەسەریاندا سەپاندووە.

ئێمە وێڕای هاوپشتی لەگەڵ خەباتی کرێکاران لە ئێران و پشتیوانی لە خواستەکانیان، ڕایدەگەیەنین:

١ – هەیئەتی نوێنەرایەتیی کۆماری ئیسلامی لە کۆبوونەوەی ڕێکخراوی جیهانیی کار، بەتەواوی لە بەکرێگیراوان و کارگێڕانی حکوومەتی ئێران پێکهاتووە و کرێکارانی ئێران لەم کۆبوونەوەیەدا نوێنەریان نییە. درێژەی بەشداری ئەم هەیئەتە لەم کۆبوونەوەیە بەتایبەت لە کاتێکدا کە چالاکانی کرێکاری لە زینداندا بەسەر دەبەن، بە سووکایەتیکردن بە چینی کرێکار لە ئێران دادەنرێت.

٢ – ئێمە خوازیاری ئازادیی دەستبەجێ و بێ مەرجی هەموو زیندانییانی سیاسی لەوانە کرێکاران، موعەلیمان، چالاکانی کرێکاری و خانەنشینان و هەڵوەشاندنەوەی سزای قیزەونی ئێعدام و هەمووجۆرە ئەشکەنجەیەکی جەستەیی و دەروونین.

٣ – پێکهێنانی ڕێکخراوی سەربەخۆی کرێکاری، ڕێککەوتنی دەستەجەمعی، مافی مانگرتن، گردبوونەوە، ڕێپێوان، دروستکردنی ڕێکخراو و حیزب، ئازادی ڕادەربڕین و بیروڕا لە مافە بنەڕەتییەکانی کرێکارانن و هیچ حکوومەتێک بۆی نییە ئەم مافانە بە هیچ بیانوویەک زەوت بکات. ئێمە زەوتکردنی ئەم مافانە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بەتوندی مەحکووم دەکەین.

٤ – سەربەخۆیی ڕێکخراوە کرێکارییەکان بابەتێکی بنەڕەتییە. ئێمە، پێکهێنانی ڕێکخراو و "کۆنفیدراسیۆنی کار" لەسەر سەری کرێکارانەوە و لەژێرناوی کرێکارانی ئێران، بە پێشێلکردنی مافی کرێکاران دەزانین و مەحکوومی دەکەین.

٥ – خوازیاری مافی یەکسانی ژن و پیاو لە هەموو بوارەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو یاسایانەین کە لەسەر بنەمای هەڵاواردنی ڕەگەزی، نەتەوەیی، نەژادی و ئایینی و زمانی داڕێژراون.

٦ – ئێمە هاوڕێ لەگەڵ زۆرێک لە ڕێکخراوە کرێکارییەکان، هێزە پێشکەوتنخوازەکان و داکۆکیکاری مافی مرۆڤ لە سەرتاسەری جیهان، کوشتاری بەردەوامی منداڵان، ژنان و بەگشتی خەڵکی سڤیل لە غەزە لەلایەن دەوڵەتی ئیسرائیل کە نموونەی جینۆساید و کۆمەڵکوژییە بەتوندی مەحکووم دەکەین و خوازیاری ڕاگرتنی دەستبەجێی ئەم تاوانە و بەرقەراربوونی ئاشتی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانین. ئێمە وێڕای دەربڕینی دژایەتی لەگەڵ ڕەوتە چەکدارە ئیسلامییەکان، لە مافی خەڵکی فەلەستین بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان کە لەلایەن دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیلەوە زەوتکراوە، لێبڕاوانە پشتیوانی دەکەین.

٧ – داوا لە یەکیەتییە کرێکارییەکان، ڕێکخراوەکانی بەرگریکاری مافی مرۆڤ، ناوەند و ڕێکخراوە پێشکەوتنخواز و ئازادیخوازەکان دەکەین کە بۆ ئازادی بەندکراوانی سیاسی و بەتایبەت ڕاگرتنی شەپۆلی ئێعدامەکان لە ئێران هەوڵی کرداری بدەن.

٨ – سەمیمانە سپاس و دەستخۆشی دەکەین لە هەموو بەشداربووانی ئەم کۆبوونەوەیە، لە وتاربێژان و یەکیەتییە کرێکارییەکان کە لەم کۆبوونەوەیە حمایەت و پشتیوانییان کرد.

بژی هاوپشتی کرێکاران لە سەرتاسەری جیهان!

کۆمیتەی سەرتاسەریی بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەی ناڕەزایەتیی ٧ی ژوئەنی ٢٠٢٤ لە ژنێڤ

***

## ڕاگەیاندنی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان دژبە سیرکی "هەڵبژاردنەکان"ی جەنایەتکاران!

## هەڵبژاردەی کۆمەڵگا: ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ڕژیمی ئیسلامی!

کۆماری ئیسلامی لە دوایین شکستی گەورەی لە هەڵبژاردنەکانی دوازدەهەمین دەورەی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی و مەجلیسی "خوبرگانی ڕێبەری" پشتی ڕاست نەکردبووەوە کە کوژرانی ڕەئیسی، بەرپاکردنی شانۆی ئینتخاباتێکی دیکەی بەسەردا سەپاندووە. ڕژیمی ئیسلامی لە دوو هەڵبژاردنی پێشووی سەرۆک کۆماری و مەجلیسدا تووشی شکستێکی سەرشۆڕانە بوو. دەسەڵات دەزانێت ئەمجارە بەرەوڕووی شکستێکی قورستر دەبێتەوە. خامنەیی



بە یارمەتیی باندە گەندەڵ و جەنایەتکارەکانی ناو حکوومەت ناسراو بە ئیسلاح تەڵەبەکان و میانەڕەوەکان، بە دروستکردنی دوو جەمسەری درۆینە و بە هێندێک وادەی پووچ و بێبنەما، هەوڵ دەدات تا ئاستێک کۆمەڵگا و بەشە قازانجبەرەکان بەرەو گەمەی هەڵبژاردن ڕابکێشێت. ئامانجی ئەم سیاسەتە کە لەئێستادا بە شەش کاندیدی تاقیکراوە و ئینسانکوژ ئەم شانۆیەیان ڕێکخستووە، گەرم کردنی تەنووری ساردی ئینتخاباتە بۆ قەرەبووکردنەوەی مەشرووعییەتی فۆرماڵی یاسایی. باندە جۆراوجۆرەکانی حکوومەت بۆ جارێکی تر بۆ پاراستنی نیزام و دژبە ڕەوتی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵگا لە دەوری خامنەیی بەڕێز بوون.

بەڵام ئەم سیاسەتانە لە سەردەمی خۆیاندا شکستیان هێنا. تابووتی "ئیسلاح تەڵەب و ئوسوولگەرا" ساڵی ٦٩ نێژرا. کۆمەڵگا لەسەر ڕێڕەوی ڕووخاندن و ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەیە. کۆمەڵگا گۆڕاوە، نەوەیەکی نوێ و هۆشیار هاتۆتە ناو گۆڕەپانی سیاسەتەوە، کە ڕیفۆرمخوازی تێپەڕاندووە. ژنان بەشێوەی بەرین و شۆڕشگێڕانە لە دژی حیجاب و ئاپارتاید و حکوومەتی ئایینی هاتوونەتە مەیدان و لەپێناوی گەیشتن بە بەرابەری کۆتا نایەن. چینی کرێکار و ناڕەزایەتی بێ وەستانی کرێکاران کە بزوێنەری هەموو ناڕەزایەتییەکانی کۆمەڵگایە، دەمێکە دژی هەژاری و کۆیلایەتی و چەوسانەوە هاوار دەکات.




ڕیفۆرمخوازان لە چەشنی دواکەوتووانی سیاسین کە بە پشتبەستن بە بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان لەگەڵ خامنەیی و سیستەمی ئیسلامی، هەوڵی بنیاتنانەوەی ئەو مێژووە دەدەن کە تێپەڕیوە.

بەڵام بەرەی شۆڕشگێڕ، ترس و نەبوونی متمانەبەخۆیی لە ڕوخساری ئەو تاوانکارانەدا دەبینێت. کۆمەڵگا هاوشێوەی بۆمبی سەعاتییە، ڕژیم یەکجار شڵەژاوە و ململانێی بەرژەوەندی باندەکانی ناو حکوومەت شەڕ و کێبڕکێی ئەوانی توندتر کردووە. هەموویان نیگەرانی ڕووخانی دەسەڵاتن و خۆیان بۆ دوای خامنەیی ئامادە دەکەن. ئەمجارە ڕژیم تووشی شکستێکی قورستر دەبێت. هەڵبژاردن بۆ دەسەڵاتداران قەرارە وڵام بەم کێشانە بداتەوە. بەڵام بۆ کۆمەڵگا و بەرەی شۆڕش، وریایی سیاسی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕووداوی چاوەڕواننەکراو، تێکشکاندنی پلان و سیاسەتی خامنەیی و گشت ڕژیم لە نمایشی ئینتخابات، بەکارهێنانی هەموو دەرفەتێک بۆ زەربە لێدان و پاشەکشەکردن بە حکوومەتی ئیسلامی، پرسی سەرەکییە، نەک خودی "ئینتخابات".

بێگومان ئەمجاریش نەتەنیا لە گاڵتەجاڕی دابەشکردنی دەسەڵات و سەروەت لە نێوان باندە سەرمایەدارەکان و باڵەکانی حکوومەت بەشداری ناکەین بەڵکوو چالاکانە بۆ داسەپاندنی شکستێکی گەورەتر بەسەر کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدەین. لەم دەرفەتەی کە ماوە دژبەم شانۆیە بە داهێنانی جۆراوجۆر چالاکانە تێبکۆشین و لە ڕۆژی "ئینتخابات"دا، بە بایکۆتکردنی بەرین بیساتی مەزحەکەی "ئینتخابات" بەسەر سەریاندا وێران بکەین. گەورەترین بلۆکی دەنگی کۆمەڵگای ئێران "نەویستنی کۆماری ئیسلامییە"!

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان، کرێکارن و خەڵکی ئازادیخوازی ئێران لە ناوەوە و دەرەوەی ئێران بۆ خەباتێکی بەهێز و بەرین لەدژی "ئینتخابات"، واتە سیرکی جەنایەتکارانی ئیسلامی، بانگەشە دەکات. داسەپاندنی شکستێکی لێبڕاوانەی دیکە بەسەر کۆماری ئیسلامی، پێگەی لاوازی ئەمڕۆی ڕژیم لاوازتر و بەستێنی ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانە ئامادەتر دەکات. دەنگی کۆمەڵگا بریتییە لە: کۆماری ئیسلامیمان ناوێ! حیجاب و هەڵاواردنمان ناوێ! هەژاری و نەهامەتیمان ناوێ! سەرمایەداریمان ناوێ!

بڕووخێ ڕژیمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی!

بژی ئازادی! بژی سۆسیالیزم!

٢٥ی جۆزەردانی ١٤٠٣ی هەتاوی – ١٤ی ژوئەنی ٢٠٢٤ی زایینی

واژۆکان: ئیتحادی سۆسیالیستی کارگەری، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، حیزبی کۆمۆنیستی کارگەری – حێکمەتیست، سازمانی ڕاهی کاریگەر، سازمانی فەدائیان (ئەقەلیەت) و هەستەی ئەقەلیەت

***

## ڕاگەیاندنی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان سەبارەت بە ئازادی حەمید نووری:

## بۆ دەوڵەتانی سەرمایەداری "مافی مرۆڤ و جینۆساید" کاڵایەکە کە لەگەڵ ڕژیمی کوشتار سەودای پێدەکرێ!

دەوڵەتی سوێد لە سات و سەودایەکی نهێنی، ترسنۆکانە و بەدوور لە بیروڕای گشتی لەگەڵ ڕژیمی فاشیستی کۆماری ئیسلامی، حەمید نووری ئەو تاوانکارەی کە یەکێک لە ئەنجامدەرانی کوشتاری خوێناویی ساڵی ٦٧ بوو ئازاد کرد. ئەم موعامەلەیە لە بارودۆخێکدا

ئەنجام درا کە هەزاران زیندانی سیاسی لە زیندانەکانی ڕژیمی کوشتاردان. ئەشکەنجە بەشێوەی جۆراوجۆر لەم زیندانانەدا باوە و زۆرێک لە چالاکانی سیاسی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان مەترسیی ئێعدامیان لەسەرە و کۆماری سێدارە لەبواری جێبەجێکردنی ئەم سزایەدا لە پلەبەرزترینەکانی جیهانە.

نووری لە دادگایەکی عەلەنیدا بە تاوانی بەشداری لە کۆمەڵکوژیی هەزاران زیندانی سیاسی لە ساڵی ٦٧ی هەتاوی دادگایی کرا. ئەو لەم دادگایەدا کە بە




بەشداری و شایەدی ژمارەیەکی زۆر لە زیندانییانی ڕزگاربوو و لەبەرچاوی فرمێسکاویی بیروڕای گشتی و بنەماڵەکانیان بەڕێوەچوو، بە زیندانی هەتاهەتایی مەحکووم کرا و لە دادگای پێداچوونەوەشدا ئەم حوکمە وەک خۆی پەسندکرا. نووری سەرخۆش و لێوبەپێکەنین کاتێک گەیشتە ئێران لەلایەن نیزامی قەتڵوعام و جینۆسایدی کۆماری ئیسلامییەوە پێشوازی لێکرا. سات و سەودای قیزەونی دەوڵەتی سوێد (و هەروەها ماوەیەک لەمەوبەر دەوڵەتی بەلژیک) لەگەڵ کۆماری ئیسلامی نیشانی دا کە دەوڵەتانی سەرمایەداری تەنانەت دادگاکانی خۆشیان بەلایانەوە هیچ بایەخێکی نییە. وەها موعامەلەیەک لە کاردانەوە بە سیاسەتی بارمتەگرتنی کۆماری ئیسلامی بابەتێکی تازە نییە و لە ماوەی دەسەڵاتی ئەم ڕژیمەدا گەلێک جار بەشێوەی جۆراوجۆر بەڕێوەچووە.

ئازادی حەمید نووری لە بارودۆخێکدا ئەنجامدرا کە کۆمەڵکوژی ساڵی ٦٧ی هەتاوی بە گەورەترین تاوان و جینۆسایدی حکوومەتی لەدوای شەڕی جیهانی دادەنرێت. حزووری ئیبراهیم ڕەئیسی لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و دواتر بەڕێوەچوونی مەراسیمی کوژرانی ناوبراو لەم ڕێکخراوەش نیشانی دەدا کە ناوەندە جیهانییەکان لە بەرامبەر دەوڵەتانی تاوانکار و سیاسەتی دەوڵەتانی سەرمایەداری و کۆنەپەرست، ناکارامەن. ئازادی نووری بۆ جارێکی دیکە نیشانی دا کە تاوان، تاوانبار، مافی مرۆڤ و کۆمەڵکوژی بۆ دەوڵەتانی سەرمایەداری کاڵایەکە کە بەشێوەی جۆراوجۆر سات و سەودای لەسەر دەکرێت. ئەوان بەئاسانی خۆڵ دەکەنە ناو چاوی دایکان و بنەماڵە جەرگسووتاوەکان.

هەر ئەم ئەزموونانە نیشانەی شکستێکی دیکەیە بۆ ئۆپۆزسیۆنی ڕاست و زۆربەی ئەو ناوەند و میدیایانەی کە لەگەڵیان هاوئاراستەن. ئەوان بەردەوام هەوڵیان داوە لەڕێگەی سات و سەودای ئاشکرا و نهێنی لەگەڵ دەوڵەتانی ئیمپریالیستی و کۆنەپەرست و ڕاکێشانی پشتیوانییان، بەسەر بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی ئێراندا زاڵ بن و بۆ جارێکی تر نارەزایەتی خەڵک بۆ ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی بەلاڕێدا بەرن.

بزووتنەوەی دادخوازی لە خوارەوەی کۆمەڵگا بەدژی کۆماری ئیسلامی، کە لە ساڵانی ڕەشی دەیەی شەستەوە بە هاوپشتی دایکان و بنەماڵەی زیندانییانی سیاسی و هێزە چەپ و پێشکەوتنخوازەکانەوە دەستپێکردووە، هەروا بەردەوامە و لە بواری گشتیدا پەرەی ستاندووە و بووەتە یەکێک لە گوتارە گرینگەکان لە فەزای سیاسی کۆمەڵگادا. ئەم بزووتنەوەیە یەکێک لە ناوەندە گرینگەکانی ئازادیخوازی بووە و هەرگیز بە سات و سەودا لەگەڵ دەوڵەتەکان و بە ئاراستەی ڕاست و بە وتاری ساختەی میدیاکانیان چاوترسێن نەبووە و بەردەوام بە پشت بەستن بە دەستکەوتەکانی و بە بەشداریی هێزی پێشڕەو و پێشکەوتنخواز بۆ ئامانجەکانی لەپێناوی ئازادیی زیندانییانی سیاسی، هەڵوەشاندنەوەی سزای ئێعدام و دادخوازی لە خوارەوە تێدەکۆشێت.

زیندانیی سیاسی دەبێ ئازاد بکرێت! تیرۆر، ئەشکەنجە و ئێعدام دەبێ نەمێنێت!

بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی سەرمایەداری!

بژی ئازادی – بژی سۆسیالیزم!

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان

١٦ی ژوئەنی ٢٠٢٤ی زایینی – ٢٧ی جۆزەردانی ١٤٠٣ی هەتاوی

واژۆکان: ئیتحادی سۆسیالیستی کارگەری، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، حیزبی کۆمۆنیستی کارگەری – حێکمەتیست، سازمانی ڕاهی کاریگەر، سازمانی فەدائیان (ئەقەلیەت) و هەستەی ئەقەلیەت

***

## تیۆریی کۆنەپەرستانەی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە منداڵبوونی ژنان

عەلی خامنەیی هەتا ئێستا گەلێک جار ڕایگەیاندووە کە زیادکردنی حەشیمەت یەکێک لە ئامرازەکانی دەسەڵاتە و پێداگریی لەسەر ئەوە کردووە کە دەبێ دانیشتووانی مسوڵمانی ئێران تا ١٥٠ و ٢٠٠ ملیۆن کەس زیاد بکات، بۆ ئەوەی ئیقتدار و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی پەرەبستێنێ. لەم دواییەدا فەرماندەکانی سپای پاسداران و ئەرتەشیش لەژێر کاریگەری خامنەیی و بە فەرهەنگێکی شەڕخوازانەوە لەپێناوی تازەکردنەوە و بەهێزکردنی ڕیزەکانیان، بەمەبەستی فشارخستەسەر ژنان بۆ دووگیانبوون، خوازیاری گرتنەبەری ڕێوشوێنی جیددی بوون. ڕۆژی شەممە ١٩ی مانگی جۆزەردان پاسدار حسێن سەلامی فەرماندەی گشتیی سپای پاسداران لە "هەمایشی میللی جەمعیەت"دا خوازیاری چوونەسەری جەمعیەتی ئێران بوو. ئەو وتی "ئەگەر ڕێژەی چوونەسەری جەمعیەت دوو بەرابەر نەبێتەوە، کۆمەڵگا پیر و خەمۆک دەبێت. وە لە ئاکامدا زەربەهەڵگر و لاواز دەبێت. مەگەر دەکرێ بە کۆمەڵگایەکی پیر لە بەرامبەر ئەم دنیا بەهێزەدا ڕاوەستین؟". پاسدار "محەممەد ڕەزا نەقدی"ش خۆی کرد بە دکتوری کۆمەڵناس و لەمبارەوە وتی:"٢٠ لەسەدی ژن و شووەکانی ئێران بەهۆی چوونەسەری تەمەنی هاوسەرگیرییەوە منداڵیان نابێ. لەگەڵ کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتووان، یەکێک لە پێکهاتەکانی دەسەڵات لەدەست دەدەین و ئەمەش مەترسییەکی جددییە کە لەگەڵی ڕووبەڕووین". لەلایەکی دیکەوە ڕۆژی یەکشەممە ٢٠ی مانگی




جۆزەردان، تاهری فەرماندەی قەرارگای غەربی هێزی زەمینیی ئەرتەش وتی: "سەڵتی و هاوسەرگیریی سپی، هێرشی فەرهەنگی بێ سەرەوبەرەیی ڕۆژئاوایە دژبە بناغەی بنەماڵە و هێرشێکە بۆ هەڵوەشاندنەوەی". ئەو دانی بەوە دانا کە سەرەڕای ئەو ئیمتیازانەی دەوڵەت بۆ تەبلیغی منداڵبوون بەکاری هێناوە، هێشتا هاووڵاتییانی ئێران سەبارەت بە بردنەسەری

جەمعیەت دوودڵن.

سەران و فەرماندەکانی نیزامی کۆماری ئیسلامی بەم نیگا کۆنەپەرستانەیە بە ژنان، لەلایەکەوە دەیانهەوێ بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی ژنانی ئازادیخواز دژبە حیجابی ئیجباری و باقیی یاسا پڕتووکاوە ئیسلامییەکان، کە بناغەکانی ئایدیۆلۆژیی حکوومەتی ئیسلامیی خستووەتە لەرزە، بێ سەرەوبەرەیی ناو لێ بنێن و لەم ڕێگەوە جەنایاتی ڕۆژانەیان دژبە ژنان پاساو بکەن. لەلایەکی دیکەشەوە هەوڵ دەدەن ژنان بەرەو سووچی ماڵەکان پاڵ پێوەنێن، و ڕۆڵی دایک و هاوسەر و ژنی ماڵیان پێ بدەن بۆ ئەوەی منداڵیان بێت. ڕوانگەی کۆنەپەرستانەی ئیسلامی بێجگەلە



ئەمە هیچ ڕۆڵ و پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی دیکە بۆ ژنان وەک ئینسان لە کۆمەڵگادا لەبەرچاو ناگرێت. لەم ڕوانگە کۆنەپەرستانەیەدا ژنان تەنیا ئەرکیان ئەوەیە کە بۆ بردنەسەری ژمارەی ئۆمەتی ئیسلامی، منداڵ بەدنیا بێنن. تا کوڕەکانیان لە داهاتوودا ببنە پاسدار و سەرباز و بەسیجی و لەپێناوی "پەرەپێدانی جیهانی ئیسلام" ڕەوانەی شەڕ لەدژی کافرەکان بکرێن و لەم ڕێگایەدا بە پلەی "شەهادەت" بگەن تا بۆ کۆماری ئیسلامی و سیاسەتی زێدەخوازانەی لە ناوچەکە "ئیقتدار" بەدەست بێنن. لە ناوەوەش ببنە هێزی سەرکوتی

جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگا. هەڵبەت ئەم ڕەوانگە شەهادەتخوازانەیە، ئاغازادەکانی خۆیان ناگرێتەوە.

بەم ئامانجە هەتا ئێستا کۆماری ئیسلامی زۆر یاسا و گەڵاڵەی سەختگرانە و دژەژنی بۆ ڕێگری و قەدەغەکردنی لەباربردنی منداڵ بەڕێوەبردووە و بۆ کەسانی سەرپێچکار سزای توندی دیاری کردووە. تا لەم ڕێگەوە ژنان ناچار بە دووگیان بوونی زۆری و نەخوازراو بکات. لەڕاستیدا ئەمە خاوەنداریەتیی حکوومەتە بەسەر جەستەی ژنان و زەوتکردنی ئیختیار و ئازادیی ئەوانە. هەتا ئێستا بەهۆی جێبەجێکردنی ئەمجۆرە یاسا کۆنەپەرستانە و دژەئینسانییانە، سەلامەتی جەستەیی و دەروونیی ژنانێکی زۆر کە بە هەر دەلێلێک نایانهەوێ منداڵیان بێت، کەوتووەتە مەترسییەوە.

کۆماری ئیسلامی بەم ئامانجە لە ساڵی ١٤٠٠ی هەتاویدا، دامودەزگایەکی پان و بەرینی لەژێرناوی "ستادی حمایەت لە خانەوادە و جەوانی" پێکهێنا. ئەم ستادە بە سەرۆکایەتیی سەرۆک کۆمار و بە ئەندامیەتیی کاربەدەستانی نیزامی، مەزهەبی، ئەمنیەتی، قەزایی، تەبلیغاتی ئیسلامی، ماڵی و پزیشکی پێکهات و هەموو ساڵێ بوودجەیەکی زۆریشی بۆ تەرخان کراوە. ساڵی ڕابردوو بوودجەی ئەم ناوەندە زیاتر لە ١٠ هەزار میلیارد تمەن واتە چوار بەرابەری بوودجەی وەزارەتی کار و ڕەفاهی ئیجتماعی بوو. پێویستە بوترێ کە ئەم بوودجەیەش وەک باقیی بوودجەکانی تر بووەتە ئامرازێک بۆ تاڵانکاری و گەندەڵیی و دزیی مەقاماتی کۆماری ئیسلامی. بەڕێوەبەری ئەم ستادە دانی بەوە دانا کە ساڵی ڕابردوو ٣٠ لەسەدی بوودجەی پشتیوانی دراوە بە گرووپە چالاکەکانی پەروەردەکردنی منداڵ. لەم ماوەیەدا سەر و کەلەی ژمارەیەکی زۆر ئاخوند و بەسیجیی مفتەخۆر پەیدا بووە کە خامنەیی پێیان دەڵێ "چالاکانی بواری جەمعیەت".

سەرەڕای تەبلیغاتی خورافی، ئیمتیازات و هاندەری ماڵی، بۆ نموونە وامی منداڵ، قورعەکەشیی ماشێن، یارانە و بردنەسەری وامی ئیزدواج کە حکوومەتی ئیسلامی بۆ تەبلیغی منداڵ بەدنیاهێنان فەراهەمی کردووە، ژنان هیچ بایەخێکیان پێ نادەن و یاساکانی ڕژیمیان لەم بوارەدا بەرەوڕووی شکست کردووەتەوە. سەرەڕای فەرمانی خامنەیی و کارگێڕانی دیکەی حکوومەت و سەرەڕای ئەو یاسا و ڕێنماییانەی کە بۆ هاندانی خێزانەکان بۆ منداڵبوون دەرکراون، کەمبوونەوەی ڕێژەی لەدایک بوون بەردەوام بووە. بەپێی ئاماری سازمانی سەبتی ئەحواڵ، لە ساڵی ١٤٠٢دا لەچاو ساڵی پێشوو، پتر لە ١٧ هەزار منداڵ کەمتر لەدایک بوون. ئەم ئامارە سەلمێنەری شکستی سیاسەتی زیاد کردنی جەمعیەتی حکوومەتی ئیسلامییە. عەلی خامنەیی بۆخۆشی ئیعترافی بەم شکستە کردووە و وتوویەتی: "ئەگەرچی ئێمە زۆر جار لە بواری مودیریەتی خانەوادەدا تەئکیدمان کردووە کە دەبێ بەربەستەکانی منداڵبوونی زیاتر و بردنەسەری جەمعیەت لابردرێن، بەڵام بەربەست هەر هەیە و ئاکامەکەی دڵخۆشکەر نییە".

ئاشکرایە کە شکستی حکوومەتی ئیسلامی لە پێشخستنی سیاسەتی زیادکردنی حەشیمەتی ئێران، ڕیشەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی هەیە. ڕۆژنامەی دنیای ئیقتساد لە پێوەند لەگەڵ بارودۆخی ئابووری و پێوەندی لەگەڵ

زیادبوونی دانیشتووانداـ نووسیویەتی کە لە ساڵی ٢٠٢٣دا دابەزینی کوالیتی ژیان لە ئێران بۆ خوارەوەی خشتەی جیهانی بووەتە هۆی کەمبوونەوەی گەشەی دانیشتووان بۆ ٠/٦ی لەسەد. گرانی، کەمبوونی حەقدەست و بێکاری و بەرزبوونەوەی پێوەرەکانی هەژاری لە ئێران بۆ سەرووی ٦٠ لەسەد، بووەتە هۆی ئەوەیکە بنەماڵەکان تەمایولیان بە هەبوونی منداڵی زیاتر نەبێ. دەسەڵاتێک کە هەتا ئێستا نەیتوانیوە بۆ ٨٨ ملیۆن دانیشتووی ئێران کار و ئیمکاناتی ژیان واتە ئاو و خۆراک و مەسکەن و تەنانەت هەوای سالم دابین بکات، چۆن دەتوانێ بۆ ١٥٠ ملیۆن کەس ئەم ئیمکاناتە فەراهەم بکات؟ کەوابوو بەلەبەرچاوگرتنی ئەو قەیرانانەی بەرۆکی کۆماری ئیسلامییان گرتووە، هیچ ئاسۆیەک بۆ سەقامگیربوونی بارودۆخی سیاسی و ئابووری و باشترکردنی ژیانی فەلاکەتباری جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی ئێران نابیندرێت. تێکشکاندنی بەرنامە و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ زیادکردنی جەمعیەت لەلایەن خەڵکەوە نیشانەی پێگەیشتوویی سیاسی و هەست بە بەرپرسیارێتیی بنەماڵەکانە بەرامبەر بە چارەنووس و داهاتووی منداڵەکانیان. بەڵام ئەمە بەس نییە و مەرجی دابینکردنی ژیانێکی شیاوی ئینسان، لە گرەوی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی گشت ئەم ڕژیمە تاوانکارە ئیسلامییە و لە گرەوی ڕیشەکێشکردنی موناسباتی زاڵمانەی سەرمایەداریدایە.

***

# شێعر


## سەفەر

کۆڵ بە کۆڵەوە و
روخسار، ژوانگەی هەرچی چین و چروکی خەمی مێژوو
جل و بەرگ شیتاڵ شیتاڵ
ڕێگای ئەنگوستە چاوی درکاوی و
ئەژنۆش لەرزۆکی ماندوویی و
کامەی گۆچانی ڕێگایەکی پڕ گرکان
*******
بەرەوکوێ ڕێ دەکەی!
بەرەو کام هەورازی شەق شەقی گڕ!
ئەی ئاشنای هەناسە تێنوو!
ڕابوردوو هێڵی پشکوتنی شکۆفە و مەشخەڵ،
سینگ کوانووی نفرەتێکی لێوالێوی ئازار
ئاواتەکانیش رووەکی بە لەنجەی سیحری خورەی چۆم

چۆمی هەتاوە سرکەکان.
*******
بەرەوکوێ ڕێ دەکەی!
بەرەو کام خەمی بە جێ ماوی هەڵگیرساوی دێ!
ئەی ئاشنای ساتە عەزرەتیەکان!
هیوا مژەکان چەپک چەپک
گوڵی خۆر دەسووتێنن
ئیسان کوژەکان زیندان زیندان
سۆزی ناسک دەمرێنن
باغچەکان، بۆنی تاراوگەیان گرتووە و
هەوا بۆنی کارەساتی لێ دێت.
بەرەو کوێ ڕێ دەکەی!
ئەی ئاشنای چاو بە تیشکی گڕی دەروونم!
*******
بەرەو ڕازی خەندەیەک ڕێ دەکەم
کە کۆڵانە ماتەمبارەکانی جێ هێشتووە
بەرەو وەرزی گوڵە گەنم و

ئاوێتە بوونی تێشکەکان
بەرەو عەشقێکی شێتانەی تەنیایی کوژ
بۆ ئەوەی کە هەوری خۆشەویستی دەگرمێنێ و
شاخ و دۆڵ و دیوار لە حەزی
بە سامی خۆیدا دەلەرزێنێ
بەرەو تۆ ڕێ دەکەم
بەرەو سرینەوەی ڕەنگی مەوداکان
بەرەو ساتە وەختی خۆم و
خۆت لە هەڵچوونی حەزێکدا.
*******
بەرەو تۆ ڕێ دەکەم بەرەو هەتاو
بەرەو سێبەری خونچەیەک کە گشت ماندووەکان
لە ژێر بۆنی دا دەحەسێنەوە
بەرەو لووتکەی دووانی تۆ و
ئیعجازی  سەمای شادی بەخشت.

❊❊❊




### کاتی دەسپێکی بەرنامەکانی تەلەڤیزیۆنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە بە کاتی تاران :

دەسپێکی بەرنامەکان، ١٦:٣٠ ، چوار و نیوی ئێوارە
دوپاتەی دەوری ئەوەڵ، ٢٢:٣٠، دە و نیوی شەو
دوپاتەی دەوری دوهەم، ٤:٣٠، چوار و نیوی سەر لە بەیانی
دوپاتەی دەوری سێهەم، ١٠:٣٠، دە و نیوی بەیانی

پێشـــــــڕەو
ئۆرگـــانی کومیتەی ناوەندی کۆمـــەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

ئیمەیلی کۆمیتەی هاوئاهەنگی تەشکیلاتی دەرەوەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
tashkh@cpiran.org

ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب
international@cpiran.org

دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
dabirxane.cpi@gmail.com

ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

٠٠٤٦٧٦٠٨٥٤٠١٥
٠٠٤٧٩٩٨٩٥٦٧٤
٠٠٤٣٦٦٠١١٩٥٩٠٧